# استراتيجيات "أمننة" اللغة

هەوار خالد مصطفى
طالب ماجستير / كلية اللغات / قسم اللغة الكردية / جامعة السليمانية
Hawar.amin@univsul.edu.iq
پ.د. شيلان عومەر حسێن
كلية اللغات / قسم اللغة الكردية / جامعة السليمانية
shilan.hussein@univsul.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: أمننة اللغة، استراتيجيات حماية اللغة، السياسة اللغوية، التخطيط اللغوي.

**كيفية اقتباس البحث**

مصطفى , هەوار خالد , شيلان عومەر حسێن , استراتيجيات "أمننة" اللغة,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦ ,المجلد:١٦ ,العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Strategies of "Securitizing" Language

**Hawar Khalid Mustafa**
**Master's Student / College of Languages / Department of Kurdish Language / University of Sulaimani**
**Hawar.amin@univsul.edu.iq**
**Prof. Dr. Shilan Omar Hussein**
**College of Languages / Department of Kurdish Language / University of Sulaimani**
**shilan.hussein@univsul.edu.iq**

**Keywords** : Language securitization, language protection strategies, language policy, language planning.

**How To Cite This Article**
Mustafa , Hawar Khalid ,Shilan Omar Hussein ,Strategies of "Securitizing" Language ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

ملخص:
تتناول هذه الدراسة الأكاديمية بالتحليل مفهوم "أمننة اللغة" (Language Securitization) واستراتيجياته، مع التركيز على العمليات التي يتم من خلالها إدراج اللغة ضمن سياق التهديدات أو قضايا الأمن القومي والاجتماعي. اعتمدت الدراسة في إطارها التحليلي على نموذج فيشمان (GIDS) لتحديد مخاطر التصدع اللغوي بين الأجيال —باعتباره مسبباً لحالة الانعدام الأمني اللغوي— بالإضافة إلى معايير منظمة اليونسكو (٢٠٠٣) الخاصة بتقييم حيوية اللغات. تُشير النتائج إلى أنه على الرغم من تصنيف اللغة الكردية في إقليم كردستان العراق ضمن المستويات (١ إلى ٤) وفق مقياس (GIDS)، إلا أنها لا تزال تواجه تحديات في مجالات التعليم والإعلام والإدارة لعدم وجود معيار لغوي موحد؛ حيث يُستخدم نمطان رسميان متمايزان في الكتابة. ومن جهة أخرى، فإن حالة التراخي المجتمعي تجاه اللغة الأم تستوجب صياغة استراتيجية حماية سداسية الأبعاد تشمل مجالات: الأسرة، والتربية، والإدارة، والإعلام، والتكنولوجيا، والتشريع الرسمي، وذلك بهدف بناء منظومة متكاملة للأمن اللغوي.

تهدف هذه الورقة البحثية، التي تحمل عنوان "استراتيجيات الأمن اللغوي"، إلى تقديم مفهوم الأمن اللغوي، وعرض أنواع الأمن والنظريات التي تفسر حماية اللغة الوطنية، وذلك بهدف اقتراح استراتيجيات ملائمة للتعامل مع أي مشكلات قد تطرأ في هذا السياق.
وقد اعتمدت هذه الدراسة على اللهجة الكردية المركزية (لهجة السليمانية).
يتناول الجزء الأول مفهوم الأمن اللغوي وفقاً لـ "مدرسة كوبنهاغن"، التي تعتبر حماية اللغة قضية تتعلق بالأمن الوطني والاجتماعي، وتحدد أنواعاً متباينة للأمن. أما الجزء الثاني، فيحلل الأسس النظرية للأمن اللغوي استناداً إلى معايير منظمة اليونسكو الخاصة بالحفاظ على اللغات، ونموذج جوشوا فيشمان لتقييم مستوى حيوية اللغة. ويمكن الاستفادة من هذه التقييمات في تطوير استراتيجيات مناسبة لمواجهة التهديدات التي قد تتعرض لها اللغة.

Abstract:
This academic research analyzes the concept of Language Securitization and its strategies. The study focuses on the process through which language is identified as a threat or a matter of national and social security. The theoretical framework utilizes Fishman's Graded Intergenerational Disruption Scale (GIDS) to identify the risks of language shift between generations—a key cause of linguistic insecurity—alongside the UNESCO (2003) criteria for assessing language vitality. The findings indicate that while the Kurdish language in Southern Kurdistan ranks between levels 1 to 4 on the GIDS scale, it still lacks a unified standard in education, media, and administration. The use of two distinct formal writing systems, coupled with social neglect toward the mother tongue, necessitates a six-level strategy for language protection. This strategy encompasses the domains of family, education, administration, media, technology, and official legislation to build a unified system of language security.
This paper, entitled "Language Security Strategies", aims to introduce the concept of language security and present the types of security and theories that explain the protection of the national language, so that appropriate strategies can be proposed for any problem that arises.
In this study, Kurdish dialect of Central Kurdish-Sulaimani dialect was used.
In the first part, it introduces the concept of language security according to the Copenhagen School, which recognizes language protection as an issue of national and social security and defines the distinct types of security. In the second section, he analyzes the theoretical foundations of language security according to the UNESCO criteria for language preservation and Joshua Fishman's model for assessing the level of language vitality. These assessments can then be used to develop appropriate strategies for language threats.

# ستراتیژییەکانی ئاسایشسازیی زمانی

هەوار خالد مصطفى
خوێندکاری ماستەر/ کۆلێژی زمان/ بەشی کوردی/ زانکۆی سلێمانی
٠٧٧١٩٧٠٨٣٨٧
Hawar.amin@univsul.edu.iq
پ.د. شیلان عومەر حسێن
کۆلێژی زمان
بەشی کوردی/ زانکۆی سلێمانی
٠٧٧٠١٤٦٢٧٤٨
shilan.hussein@univsul.edu.iq

پوختە:
ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی ئەکادیمی چەمکی ئاسایشسازیی زمانی (Language Securitization) و ستراتیژەکانی شیدەکاتەوە، توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەو پرۆسەیە دەکاتەوە کە تێیدا زمان وەک هەڕەشەیەک یان بابەتێکی ئاسایشی_ نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی دەناسێنێت، بنەمای تیۆریی مۆدێلی فیشمان (GIDS) بۆ دەستنیشاکردنی مەترسیی پلەبەندیی پچڕانی زمان لە نێوان نەوەکاندا کە هۆکاریی نائاسایشیی زمانییەو، هەروەها پێوەرەکانی یونسکۆ (٢٠٠٣) بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی زیندوویەتیی زمانەکان، وەک چوارچێوەی شیکاریی بەکاربراوە. ئەنجامەکان نیشانیدەدەن کە هەرچەندە زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا لە ئاستی (١ تا ٤)ی GIDS دایە، بەڵام هێشتا زمانەکە لە بوارەکانی پەروەردە و ڕاگەیاندن و کارگێڕیدا بەشێوەیەکی ستانداردی یەکگرتوو ڕێکنەخراوە، دوو جۆر نووسینی فەرمی بەکاردەهێنرێت کە لەگەڵ یەکتردا جیاوازن، لەلایەکی تر کەمتەرخەمی و بێبایەخی بەشێکی کۆمەڵگا بەرامبەر زمانەکەیان، ڕێگە خۆشدەکات بۆ داڕشتنی ستراتیژییەتێکی شەش ئاستی بۆ پاراستنی زمان، کە کایەکانی خێزان و پەروەردە و کارگێڕیی و ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیا و یاسادانانی فەرمی لەخۆدەگرێت، بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی یەکگرتووی ئاسایشی زمانی.

کلیلی وشەکان: ئاسایشسازیی زمانی، ستراتیژەکانی پاراستنی زمان، سیاسەتی زمانی، پلانی زمانی.

## پێشەکی:

-ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ستراتیژییەکانی ئاسایشسازیی زمانی)، مەبەستی سەرەکی ناساندنی چەمکی ئاسایشسازیی زمانی و خستنەڕووی جۆرەکانی ئاسایش و ئەو تیۆرییانەی کە پاراستنی زمانی نەتەوەیی ڕووندەکەنەوە، تا بتوانرێت ستراتیژی گونجاو پێشنیازبکرێت، بۆ هەر -گرفتێک کە دێتەپێش.

-کەرەستەی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست_شێوەزاری سلێمانی بەکارهێنراوە.

-هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

١. دیاریکردنی ڕێگاکانی پاراستن و ئاسایشی_ زمانی و ئەو هۆکارانەی کە مەترسی لەسەر ئایندەی زمانی کوردی دروستدەکەن.

٢. دیاریکردنی جۆر و شێواز و ڕێگاکانی پاراستنی زمانی کوردی.

٣. کاریگەری بیرکردنەوەی نەرێنی بەرامبەر زمانی دایک و تێکدانی بەهای و کلتووری ئاخێوەر.

-گرنگی و ئامانجی توێژنەوەژکە:

١- شیکردنەوەی چەمکی ئاسایشسازیی و دیاریکردنی دیارترین جۆرەکانی.

٢- ڕوونکردنەوەی بنەما تیۆرییەکانی ئاسایشسازیی زمانی، پێوەرەکانی یونسکۆ و مۆدێلەکانی فیشمان بۆ دیاریکردنی ئاستی مەترسیی لەسەر زمانەکان.

٣- ئاساندنی ستراتیژییەکانی پاراستنی زمانی کوردی لە باشووری کوردستان.

-رێبازی توێژینەوەکە:

رێبازی (پەسنی شیکاریی) لەم توێژینەوەیەدا بەکاربراوە.

-تەوەرەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە پێشەکییەک و دوو بەش وئەنجام و ڕاسپاردەکان پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا، چەمکی ئاسایشسازیی زمانی بەپێی قوتابخانەی کۆپنهاگن دەناسێنێت، کە تێیدا پاراستنی زمان وەک بابەتێکی ئاسایشی. نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی پەسندەکات و جۆرە دیارەکانی ئاسایش پێناسە دەکات. لە بەشی دووەمدا، بنەما تیۆرییەکانی ئاسایشی- زمانی بەپێی پێوەرەکانی یونسکۆ (UNESCO) بۆ پاراستنی زمان و مۆدێلی جۆشوا فیشمان بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی زیندوێتی زمان شیکاردەکات. دەتوانرێت دواتریش بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنانە ستراتیژی گونجاو دابڕێژرێت بۆ ئەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی زمان دەبنەوە.

١/١) ئاسایشسازیی زمانی(Language Securitization):

چەمکی ئاسایشسازیی ، لەسەردەمی ئەمڕۆدا یەکێکە لە چەمکە گرنگ و فرە ڕەهەندەکان و بواری پەیوەندیی نێودەوڵەتیی و سیاسەتی پاراستن و لێکۆڵینەوە ئەمنییەکانی تێپەڕاندووە. ئەم چەمکە تەنها ئاماژە بە هەڕەشە سەربازییەکان ناکات، بەڵکو فراوانتربووە و بوارەکانی ئابووریی و ژینگە و تەندرووستی و کۆمەڵایەتی و زمان و خۆراک و....... دەگرێتەوە و زاراوەکانی(ئاسایشی نیشتمانی، ئاسایشی نەتەوەیی، ئاسایشی ئابووریی، ئاسایشی تەندرووستی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی زمانی و ئاسایشی خۆراک...) پەسنیدەکەن، لە بنەڕەتدا ئاسایشسازیی ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەک کە لەدەرەوەی چوارچێوەی ئاسایشدایە وکاریگەریی لەسەر دروستیی و ڕەوایەتیی و بێوەیی... تادەی (دۆزێک، پرسێک، هەبوویەک یان ڕووداوێک هەیە، واتە هەڕەشەیەک، کێشەیەک یان ئاستەنگییەک بۆ ئەمانە و بۆسەرئامانج و مەبەستێک وەک (دەوڵەت، کۆمەڵگا، ناسنامە، تەندرووستی، ئابووریی، زمان....) هەیە، لەمەشەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاسایشسازیی بەگشتی و ئاسایشسازیی هەر بوارێک بەتایبەتی، زۆر گرنگە لە سروشتی بابەتەکان و چۆنێتی دروستبوونی کێشە و گرفت و ئاستەنگەکان و ڕوونکردنەوەی کاریگەریی وکاردانەوە و لێکەوتەکانی و چۆنیتیی وەڵامدانەوە و بەرەنگاربوونەوە و چارەسەر و پەیدۆزیی بۆیان تێبگەین، تا بەر لەهۆکارەکان بگرین و ئاستەنگەکان تێپەڕێنین و ڕووبەڕووی ئاڵەنگاریی ببینەوەو دروستی و ڕەوایەتی و ئارامی و...... بەرقەراربێت.

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ئاسایشسازیی، پێویستە سەرەتا لە بنەما زمانییەکانی وردببینەوە، زاراوەی (ئاسایشسازیی) بەرانبەر ( التأمين) ی زمانی عەرەبی و (Securitization)ی زمانی ئینگلیزیی دێت.

یەکەم بەکارهێنانی چەمکی ئاسایش زیاتر بۆ لایەنی سەربازی دەگەڕێتەوە، بۆ دروستکردنی ژیانێکی بێوەی لە کۆمەڵگاو بەدیهێنانی دڵنیایی لە نێو خەڵکدا وپاراستنی ئەو سیستەمەی کە تێیدایە ، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی ئاڵەنگاریی و هەڕەشەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە (چ ناوخۆیی یان دەرەکی) ببێتەوە، پاشان چەمکەکە پەرەیسەند و فراوانتربوو، بوارەکانی چەند هێندە بوون و چەندین جۆری ئاسایشی لێدەرکەوت ، بەتایبەت ئاسایشی بیریی. ( العزيز، ٢٠٢٣: ٢٠-٢١)

یان دەکرێت بڵێین، ئاسایشی هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە وەک: ئاسایشی ( ئایین، بیرکردنەوە، ڕەچەڵەک ، ئابووریی پێکەوە و بێ دابەشبوون)، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئامانجەکانی شەریعەتی ئیسلامە کە: پاراستنی ڕۆح، پاراستنی ئاین، پاراستنی عەقڵ، پاراستنی شەرەف، پاراستنی سەروەت وماڵ لەخۆدەگرێت. (الطاهات،٢٠٢٠: ٢٨٩٨-٢٨٩٩)

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا وشەی ئاسایشی بەواتای ئارامی و نەبوونی ترس بەکارهێناوە ("الذين آمنوا ولم يلبسوا ايمانهم بظلم اولئک لهم الامن وهم مهتدون"). (سورة، الانعام، اية ٨٢ )

لەفەرهەنگی خاڵدا وشەی (ئاسایش)بە واتای ئارامگرتن و حەسانەوە و بێ ئاژاوەیی پێناسەکراوە. (فەرهەنگی خاڵ،٢٠٠٥:٤) کاتێک پاشگری(ساز)ی بۆ زیاددەکرێت، (ئەم پاشگرە دەچێتە سەر هەر



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بنکەیەک واتای دروستکردنی ئەو شتەدەدات)، بەوەی واتای کارێکی تایبەتی یان شارەزایی و لێهاتوویی خاوەن پیشە دەردەخات، دواتر مۆرفێمی بەندی ئەبستکراتی(ی) بۆ زیاد کراوە کە سەرلەنوێ ناوێکی ئەبستراکتی بە واتایەکی نوێ دروستکردووە. (حمد، ٢٠١٤ : ١١٣-١١٩) واتای پرۆسەی گۆڕین لە دۆخێکی نائارامەوە بۆ ئارامی و ئاسایش یان بە ئاسایشکردن دەگەیەنێت.

ئاسایش لە فەرهەنگی زمانی یەکگرتووی کوردی هاوچەرخ_فەرهەنگی (ئەناهیتا)دا: بە ئارامی، هێمنی، هێوەری، ورینگ، بێئۆقرەیی لێکدراوەتەوە.

لە (فەرهەنگی خاڵ)دا: سیمای واتای هەسانەوە و ئارامگرتنی گیانداران، بێئاژاوەیی، پێکیدەهێنن.لە فەرهەنگی زانستی سیاسی (کوردی_کوردی)دا، کە فەرهەنگێکی ئۆنلاینەو وردتر واتاکانی ئاسایشی لێکداوەتەوە و دواتریش جۆرەکانی دیاریکردووە، وەک:

١. زامنکردنی هێمنایەتی و ئۆقرەیی لە ڕێگەی بەڵێنە سیاسیەکان بۆ کەمکردنەوەی مەترسی سەرهەڵدانی شەڕ.

٢.خۆپاراستن لە مەترسی دەستدرێژیکردنە سەرئازادی و مافە ڕەواکان.

٣. هەبوونی متمانە لەمەڕ ئاسایشی جەستە و گیان و ماڵ و شەرەف و نامووس. ( bradost.net , n.d)

ئاسایشی زمانی چەمکێکە لە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی زماندا بەکاردەبرێت و ئاماژەیە بۆپاراستن و گەشەپێدانی بەردەوامی زمانێک بۆ دڵنیابوون لە مانەوە و سەقامگیریی و گواستنەوەی بە ڕەوانی بۆ نەوەکانی داهاتوو، بۆ ئەمەش تیشکدەخاتە سەر:

١.پاراستنی زمانێک لە لەناوچوون.

٢. ڕێگریکردن لە گواستنەوە وگۆڕانی زمانێک(وەک زمانی بیانی) بۆ زمانە باڵادەستەکان.

٣. بەهێزکردن و پتەوکردنی گواستنەوەی نێوان نەوەکان.

٤. پشتگیریکردن لە دانپێدانان و سیاسەت و پلانی زمانی.

سەرەتای ئەم چەمکە وەک تیۆریی ئاسایشسازیی لەلایەن (قوتابخانەی کۆپنهاگن Copenhagen School) ەوە بەکارهێنراوە، سەرچاوەی تیۆریی ئاسیشسازیی زیاتر دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو زنجیرە وتارانەی کە لەلایەن (باری بوزان و ئۆلی وایڤەر)ەوە بڵاوکراونەتەوە، بە پێی بۆچوونی ئەم قوتابخانەیە چەمکی ئاسایش تەنها بواری سەربازی و دەوڵەتیی ناگرێتەوە، بەڵکو فراوانکردووە بۆ ئەوەی کایەولایەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لەخۆبگرێت، وەک: "سەروەریی نیشتمانی، ئابووریی نیشتمانی، ناسنامەی کۆمەڵایەتی، ژینگەی" دەگرتەوە. چوارچێوەی ئاسایشسازیی لە قوتابخانەی کۆپنهاگن لە سەر ڕێبازی بنیاتگەرانە دانراوە کە گرنگی بە هێزی زمان و وتار دەدات، پێیانوایە زمان ڕەنگدەرەوەی واقیع نییە، بەڵکو دروستکەری واقیعی کۆمەڵایەتییە، هەروەها سروشتی ئاسایش، شتێکی ئاسایی و پێشوەختەنییە، بەڵکو لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتی و وتاری نێوان کارەکتەرە بەهێزەکان و پەسەندکردنی جەماوەرەوە دروستدەکرێت. ئەم تیۆرە زمان و وتار دەکاتە سەرچاوەی دروستکردنی ئاسایش، بەهۆی زمانەوە ئاسایش بوونێکی ڕاستەقینەی دەبێت و درکپێدەکرێت، بەپێی بۆچوونی باری بوزان و هاوکارەکانی، ئاسایش بە مانای "مانەوە" پێناسە دەکرێت. ئەمەش واتای ئەوەیە کە بابەتێک تەنها کاتێک دەبێتە کێشەیەکی ئاسایش، کە وەک "مەترسییەکی بوونگەرایی"، بۆ شتێکی دیاریکراو (وەک دەوڵەت، کۆمەڵگا،یان ژینگە) پێشکەش بکرێت و لەلایەن خەڵکەوە پەسەندبکرێت، نەک بە شێوەیەکی نەریتی و پێشوەختە دیاریکرابێ.(Antonia Dose ، ٢٠١٣) بۆ ئەمەش ئەم قوتابخانەیە دوو هەنگاوی پێویست بۆ پرۆسەی ئاسایشسازیی دەخاتەڕوو:

١. قۆناغی یەکەم/ کردەی قسەیی و وێناکردنی هەڕەشە:

کارەکتەری بەهێز کێشەیەک وەک هەڕەشە ڕادەگەیەنێت. کارەکتەری حکومی یان ناحکومی (سەندیکا، بزووتنەوە جەماوەرییەکان و ڕێکخراو......تاد)، پرسێک وەک هەڕەشەی ڕاستەقینە نیشاندەدەن، چونکە سروشتی ئاسایشسازیی وەهایە بەپێی بنیاتی کۆمەڵایەتی

بابەتێک بۆ پرسێکی ئاسایش بەتەنها لەڕێگەی وێناکردنەوە دەگۆڕێت و مەرج نییە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە هەبێت.

٢. قۆناغی دووەهەم/ بڕوا دروستکردن لای وەرگر:

قۆناغێکی گرنگە، چونکە وەرگر ڕۆڵێکی چارەنووسساز لەپەسەندکردنی وتاردا دەگێڕێت، لەمەشەوە کردەی قسەیی بۆ ئاسایشسازیی دەگۆڕێت، چونکە بە پەسەندکردنی جەماوەر کۆمەڵگا یان گروپی پەیوەندیدار ئەو پێناسەیە قبوڵدەکات.

بەم شێوەیە، زمان و وتار دەبنە کەرەستەی سەرەکی بۆ بنیاتنانی واقیعی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی ئەوەی چی بە هەڕەشە دادەنرێت. ئەم قوتابخانەیە بە پشتبەستن بەڕێبازی بنیاتگەرانە، زمان و وتاری وەک دروستکەری واقیعی کۆمەڵایەتی دەبینێت نەک تەنهاڕەنگدانەوەی ئەو. بەم شێوەیە ئاسایش لەڕێگەی هێزی زمانەوە بوونێکی ڕاستەقینە بەدەستدەهێنێت (Maciej ،Stepka، ٢٠٢٢: ٢٠ ).

قوتابخانەی کۆپنهاگن بە گشتی ئاسایشسازیی هەڵدەبژێرێت، نەک نا-ئاسایشسازیی، وەک شێوازی پەسەندکراوی چارەسەرکردنی کێشەکان، لەم تێگەیشتنەوە باری بوزانو هاوکارەکانی پێیانوایە، ئاسایش بریتییە لە بابەتێک، کە وەک مەترسییەکی بوونگەرایی بۆ ئامانجێکی ئاماژەپێدراو دەخرێتەڕوو، بە شێوەیەکی نەریتی نەک بەپێی پێویستی دەوڵەت. (Antonia Dose، ٢٠١٣)

ئۆلی وایڤەر(١٩٩٨) چەمکی ئاسایشسازیی بەو پرۆسەیە دەخاتەڕوو، کە هەبوویەک یان شتێک یان دیاردەیەک وەک هەڕەشەیەکی ئارامی و ئاسایش دیاریدەکرێت، کە دەگونجێت دەرئەنجامی وتارێک بێت، واتە بابەتێک یان  هەبوویەک، بەهۆی وتار و قسەکردنەوە دەبێتە هەڕەشە بۆ ئاسایش، بۆ نموونە: ئەگەر حکومەتێک یان گروپێکی سیاسی، بەردەوام زمانێکی کەمینە بە هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی وڵاتەکە دابنێت، ئەوا ئەو زمانە لە چوارچێوەی ئاسایشدا سەیری دەکرێت، کەواتە:

ئاسایشسازیی چەمکێکە، باس لە پرۆسەی گۆڕینی دیاردەیەک یان بابەتێک دەکات، بە جۆرێک ببێتە مەترسی و هەڕەشە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی. ئەم هەڕەشەیە تەنها پەیوەست نییە بە بوونی هەڕەشەیەکی بابەتی، بەڵکو زیاتر پەیوەندی بە چۆنێتی پێناسەکردن و نمایشکردنی ئەو دیاردەیە هەیە بەپێی دەوروبەرەکە. (Liddicoat،٢٠١٧: ١١٤-_١١٥)

(کەواتە پرسە ئاسایشسازەکان بە سادەیی (لەدەرەوە) نین، بەڵکو دەبێت لەلایەن کارەکتەرە پارێزەرەکانەوە وەک کێشە بخرێنەڕوو، بۆ نموونە ناودێرکردنی کۆچبەری وەک (هەڕەشەیەک بۆ ئاسایشی نیشتمانی)، کۆچبەری لە نیگەرانییەکی سیاسی کەمبایەخەوە دەگوازێتەوە بۆ کێشەیەکی بایەخداری بڵاوکە پێویستی بە کردار هەیە، وەک ئاسایشی سنوورەکان.

تیۆری ئاسایشسازیی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەندێک لە کێشەکان لە بنەڕەتدا خۆیان هەڕەشەنین، بەڵکو بە ئاماژەکردنی ئەوان وەک پرسی (ئاسایش) دەبنە کێشەی ئاسایش. بۆیە دەتوانین بڵێین ئاسایشسازیی، پرۆسەیەکی وتاریی-کۆمەڵایەتی و سیاسییە کە تێیدا کارەکتەرێکی بەهێز، دەسەڵاتدارێکی(حکومەت، دامەزراوە، پارتێکی سیاسی، میدیا، ئاینی، گروپی فشار....) پرسێک، بابەتێک، دیاردەیەک، یان هەبوویەکی دیاریکراو لە دۆخی ئاسایی یان سیاسییەوە دەردەهێنێت و بە هەڕەشەیەکی بوونگەریی بۆ سەر ئامانجێکی ئاماژپێکراو( دەوڵەت، کۆمەڵگا، نەتەوە، ناسنامە، زمان، ئابوریی، ژینگە...)دەیناسێنێت. ئەو پرسە وەک مەترسییەکی بنەڕەتی نمایشدەکات، لە ڕێگەی کردەیەکی قسەییەوە ئەنجامیدەدات، سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بەندە بە پەسەندکردنی لەلایەن جەماوەرەوە، کە وادەکات ڕێوشوێنی نائاسایی و بەپەلە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشەیە بە ڕەوا بزانرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕێوشوێنانە لە دەرەوەی چوارچێوەی گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان و نەریتە یاساییەکان و سیاسەتیشدابن.

٢/١) جۆرەکانی ئاسایشسازیی:



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەکاربردنی بڵاوی زاراوەی ئاسایش زیاتر لە بواری سیاسی و مافدابووە و لەم بوارانەشدا بۆ ئەم جۆرانە دابەشکراوە:

١. ئاسایشی تاک: حاڵەتێکە کە تاک تێیدا لەوە ناترسێت گیان و ماڵ و ئابڕووی لە دەستبدات، بە جۆرێک، کە نەتوانێت بژی.

٢. ئاسایشی زمانی: بوونی ئۆقرەیی و ئارامی و بێوەیی و سەقامگیریی و هێمنایەتی زمانە و پارێزراوییەتی لە مەترسی بوونی هەڕەشە لە کەمبەهایی ڕوانین و داخوران و لەناوچوونی، بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی ئاسایشی نەتەوەییە و گرنگییەکەی کەمتر نییە لە ئاسایشی ئابووریی، کۆمەڵایەتی،یان ژینگەیی.(ثجیل،٢٠١٦: ٣٢٨-٣٣٠)

٣. ئاسایشی نەتەوەیی: ئەم چەمکە دوای جەنگی جیهانی دووهەم زیاتر بەکارهاتووە و پەرەیسەندووە، بریتییە لە دڵنیابوون لە پاراستنی کۆمەڵگا و دەوڵەت دژی مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، هەروەها پاراستنی بەرژەوەندییەکان و دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاوی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و...تاد، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵگا.

٤. ئاسایشی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە پاراستنی تەواوی کۆمەڵگە لە هەڕەشە و کردەوە نایاساییەکانی تاک، دەزگا، یان دەوڵەت. ئەم ئاسایشە بە یاسادانان و پەسەندکردنی مافەکان لەلایەن دەستوورەوە بەدیدێت. دادگا و پۆلیس ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە جێبەجێکردنی یاسا و پاراستنی کۆمەڵگەدا.

٥. ئاسایشی گشتی: بنەڕەتی پاراستنی ئاشتی نێونەتەوەییە، کە هەوڵ بۆ هاوتەریی وڵاتان دەدات. (bradost.net , n.d)

٦. ئاسایشی خۆراک: ئاسایشی خۆراک واتە دابینکردنی خۆراکی شیاو و تەندروست و بە جۆرێتیی بۆ هەموو خەڵک بە نرخێکی گونجاو و بەبێ جیاکاریی. (نەبی، ٢٠٢٣)، لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگاو ئابووری و تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان وپاراستنی خۆراک، ئاسایشی خۆراک بووە بە سیاسەتی نیشتمانی و نەتەوەیی وڵاتانی خاوەندارێتی ڕاستەقینە. (ئەمین، محمەد، ٢٠١٦ )

٧. ئاسایشی ئابووریی: ئاماژەیە بۆ ئەو دۆخەی کە تاکەکان، خێزانەکان، کۆمەڵگاکان، یان نەتەوەکان دەتوانن بە شێوەیەکی شایستە پێداویستییە سەرەکییەکان دابینبکەن و ئاستی ژیانی خوازیاریان بپارێزن بەبێ مەترسی بەرەنگاریی هەڕەشەی ناڕەوا لە تێکچوونی. ( Yuzue and Sekiyama, 2025)، ئەمەش دەکەوێتە سەر دوو ئاست:

ا. ئاستی تاکەکەسی: ئاسایشی ئابووریی لە ئاستی تاکدا، واتە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان، وەک:(داهاتی جێگیر، ئاسایشی کار، دەستڕاگەیشتن بە خۆراک، شوێنی نیشتەجێبوون، چاودێریی تەندروستی، خوێندن و سەروەت و سامان بۆ بژێوی ژیان) لەخۆدەگرێت، ئەمەش ڕێگریدەکات لە دڵەڕاوکێی ئابووریی و ناسەقامگیریی و بەبێ ئەو، خەڵک ڕووبەڕووی هەژاریی، برسێتی، یان لەدەستدانی شکۆ و کەرامەت دەبنەوە.

ب. ئاستی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە پاراستنی مافی هەموو گرووپەکانی کۆمەڵگا و دابینکردنی سیستەمێکی یاسایی کە خزمەتی بەرژەوەندیی هەمووان بکات و ڕێگری لە هەر کارێکی زیانبەخشبکات. ( خالید، ٢٠٢٤)



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

پ. ئاستی نیشتمانی: بۆ وڵاتان بە واتای پاراستنی سەروەری ئابووریی لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی شلگەیی فرەڕەهەند، دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە، سەربەخۆیی بازرگانی و بەرگری لە هەڕەشەکانی وەک پچڕانی دابینکردن یان زۆر پشتبەستن بە زلهێزە بیانییەکان. ئەمەش لەگەڵ ئاسایشی نیشتمانیدا تێکەڵدەبێت، جەخت لە سەربەخۆیی سیاسەت دەکاتەوە لە گەشەپێداندا.(Gandhi, 2022)

چەمکی ئاسایش لە پرسێکی سەربازییەوە گۆڕاوە بۆ چەمکێکی گشتگیر، کە گەشەپێدانی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و سیاسی لەخۆدەگرێت و پەیوەندیی بە توانای دەوڵەت و کۆمەڵگاوە هەیە بۆ جێبەجێکردن و گەشەپێدان لە هەموو بوارەکاندا، لەو چوارچێوەیەدا "ڕۆبەرت مەکنامارا" وەزیری پێشووی بەرگری ئەمریکا و سەرۆکی پێشووی بانکی جیهانی لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی "جەوهەری ئاسایش"، دەڵێت: "ئاسایش کەرەستەی سەربازی نییە، تەنانەت ئەگەر ئەوەش لەخۆبگرێت، ئاسایش گەشەپێدانە، بەبێ گەشەپێدان ئاسایش نییە و ئەو وڵاتانەی گەشە ناکەن بە سادەیی ناتوانن بە ئاسایشی بمێننەوە"، ئەم بیرە بۆ ئاسایشی زمانیش ڕاستەوانە دەگونجێت و هەر زمانێک گەشە نەکات بە پارێزراویی و ئاسایشی نامێنێتەوە.

ئاسایشی ئابووریی لە چەند ڕەگەزێکی سەرەکی پێکدێت: وەک ئاسایشی خۆراک، تەندروستی، ژینگە، کار، و دادپەروەریی...تاد، بەگشتی بۆ نواندنی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاسایشسازیی لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا پشتبەستوو بە جۆرەکانی ئاسایش، بڕوانە




هێڵکاری ژمارە ( ١)

جۆرەکانی ئاسایشسازیی

ئەم هێڵکارییە نیشاندەری ئەو وەرچەرخانەیە کە لە چەمکی ئاسایشدا ڕوویداوە، لە پاراستنی سەربازییەوە بۆ پاراستنی هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی، بە واتایەی:

١. ئاسایشی زمانی: پاراستنی ناسنامە و زمانی دایک.
٢. ئاسایشی نەتەوایەتی: پاراستنی دەوڵەت لە مەترسی ناوخۆ و دەرەکی.
٣. ئاسایشی تاک: پاراستنی گیان و ماڵ و شکۆ و کەرامەت.
٤. ئاسایشی گشتی: هاوسەنگی و ئاشتی نێودەوڵەتی.
٥. ئاسایشی کۆمەڵایەتی: پاراستنی کۆمەڵگە لە ڕێگەی یاسا و دادگاوە.
٦. ئاسایشی خۆراک: دابینکردنی خۆراکی تەندروست بۆ هەمووان.

٧. ئاسایشی ئابووریی: سەقامگیریی دارای و دابینکردنی بژێوی شایستە بۆ هاووڵاتیان.

١/٢) ستراتیژییەکانی ئاسایشی زمانی:

ئاسایشی- زمانی بریتییە لە هەستی متمانە و ئارامی کە تاکەکان هەیانە لە بەکارهێنانی زمانەکەیان، بێ ترس لە دەمارگیریی یان پێشوەختە بڕیاردان. ئەم ئاسایشە بنەمایەکی گرنگە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەسەندنی کەسایەتی، هەروەها کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر توانای فێربوون و دەربڕین هەیە. پاراستنی زمان پێویستی بە ستراتیژییەکی ڕوون و کاریگەر هەیە کە بتوانێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکاندا، توانای بەرگریکردنی هەبێت. ستراتیژی ئاسایشی- زمانی بریتییە لەو کۆمەڵە پلان و ڕێکارانەی کە ئامانجیان پاراستنی زمانە لە سێ مەترسی سەرەکی "هەڕەشە و لاوازبوون و فەوتاندن".(ڕەسول، ٢٠٢٣: ٧) ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست (یونسکۆ) جەخت لەسەر گرنگی پاراستنی فرەچەشنیی زمانی دەکاتەوە، بەتایبەتی لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، لەگەڵ لەناوچوونی زمانەکاندا، کە خەمڵێنراوە بە ڕێژەی دوو هەفتە جارێک ئەگەری لەناوچوونی زمانێک لەئارادایە، میراتێکی کلتووری و بیریی بەرفراوان لەناو دەچێت. یونسکۆ، بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، دژایەتیی خۆی بۆ هەر جۆرە جیاکارییەک لەسەر بنەمای زمان دووپاتدەکاتەوە. هەروەها، ئاماژە بەوە دەکات کە نزیکەی ٤٠٪ی دانیشتووانی جیهان بە زمانێک ناخوێنن کە لێیتێبگەن، ئەمەش گرنگیی خوێندن بە زمانی دایک، بەتایبەت لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا، دەردەخات. (unsco, 2023) بۆ پاراستنی ناسنامەی زمانی و دڵنیابوون لە ئاسایشی- زمانی، وڵاتان پێویستە کۆمەڵێک ستراتیژ و پلانی کاریگەر جێبەجێبکەن، تا بتوانن زمانی نەتەوەیی لە مەترسی و هەڕەشەکان بپارێزن.

٢/٢) ستراتیژییەکانی ئاسایشی زمانی:

زمان، وەک زیندووترین و گرنگترین توخمی ناسنامەی هەر نەتەوەیەک، ئاوێنەی مێژوو، فەرهەنگ و هزری کۆمەڵگایە. لەم سۆنگەیەوە، ڕێکخراوی یونسکۆ (UNESCO) بە مەبەستی پاراستنی فرەچەشنیی زمانیی مرۆڤایەتی و هەڵسەنگاندنی ئاستی مەترسییەکانی سەر زمانەکان، چوارچێوەیەکی زانستیی داڕشتووە کە لە چەند پێوەرێکی بنەڕەتی پێکدێت. ئەم پێوەرانە نەخشەڕێگایەکی ڕوون بۆ دیاریکردنی زیندوێتیی زمان و ناساندنی ئەو هەنگاوانە پێشکەش دەکەن کە بۆ بەردەوامی و گەشەپێدانی زمانەکان پێویستن و خودی ئەم پێوەرانە بەرجەستەکەری ئاسایشی- زمانین، ئەو پێوەرانەی ڕێکخراوی یونسکۆ بۆ دیاریکردنی ئاستی زیندوویێتی و مانەوەی زمانەکان دایڕشتوون، بریتین لە: (UNESCO, ٢٠٠٣)




هێڵکاری ژمارە(٢) ستراتیژەکانی ئاسایشی زمانی

لەم هێڵکارییەدا شەش ستراتیژیی سەرەکی دەخرێتەڕوو، کە پێکەوە چوارچێوەی ئاسایشی زمانی پێکدەهێنن، کە دەبنە هۆکاری پاراستن و بەردەوامکردنی زمانەکان. ئەم ستراتیژیانە لە چوار ئاراستەی سەرەکی پێکدێن: ئاڕاستەی کۆمەڵ (ستراتیژیی دیموگرافی و هەڵوێستی کۆمەڵ)، ئاڕاستەی کارپێکردن (بوارەکانی بەکارهێنان و تۆماری جۆرێتیی)، ئاڕاستەی (پەروەردە و ستانداردبوونی زمان)و ئاڕاستەی حکومەت(سیاسەت و بە فەرمیکردنی زمان). هێڵکارییەکە نیشانیدەدات کە پاراستنی زمان تەنها پرسێکی ڕێزمانی نییە، بەڵکو پەیوەستە بە سیاسەتی دەوڵەت و پێگەی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی تەکنیکی زمانەکە، بۆ مانەوەی وەک توخمێکی زیندووی ناسنامە.

یەکەم/ ستراتیژیی ئاسایشی کۆمەڵگەیی/ دیمۆگرافی:

چەمکی (ئاسایشی-کۆمەڵگەیی/دیمۆگرافی) لە بواری زمانەوانیدا، بە شێوەیەکی سەرەکی ئاماژەیە بە توانای کۆمەڵگەیەک، بۆ پاراستن و بەردەوامیدان بە زمانەکەی لەناوخۆیدا، گرنگترین و بنەڕەتیترین ڕەهەندی ئەم ئاسایشە، بریتین لە:

١- گواستنەوەی زمان لە نێوان نەوەکاندا:

ئەم پێوەرە بنەڕەتیترین و گرنگترین پێوەرە لە پرۆسەی بە زیندوو هێشتنەوەی هەر زمانێکدا و بە پاراستنی فرەچەشنیی زمانی و کلتووری لە جیهاندا پێناسە دەکرێت، زۆرتر لە چوارچێوەی خێزان و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات. پرسیارە سەرەکییەکە ئەمەیە: ئایا زمانەکە بە شێوەیەکی سروشتی لە دایک و باوکەوە بۆمنداڵەکانیان دەگوازرێتەوە؟ لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە، ئەم گواستنەوەیە زامنی مانەوەی ئەو زمانانەیە کە ڕووبەڕووی مەترسیی کاڵبوونەوە یان لەناوچوون

بوونەتەوە، چونکە بەردەوامیی ژیانی هەر زمانێک پەیوەستەی بەوەیە کە نەوەکانی بتوانن بە شێوەیەکی کارا زمانە ڕەسەنەکەی خۆیان وەربگرن و لە پەیوەندی ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریبهێنن. (Fiveable, n.d) ( جۆشوا فیشمان وەک یەکێک لە دیارترین زانایانی بواری کۆمەڵناسیی زمان، تێڕوانینەکانی کاریگەرییەکی قووڵیان هەبووە لەسەر تێگەیشتن لە پرۆسەی پاراستنی زمان و بوژاندنەوەی زمانە کەمینەکان و ئەو زمانانەی مەترسیان لەسەرە. مۆدێلەکەی فیشمان لەسەر دوو تیۆری سەرەکی بونیاد نراوە(Fiveable, n.d.) :

گەڕاندنەوەی گۆڕانی زمان (Reversing Language Shift-RLS) و پێوەری پلەبەندیی پچڕانی نێوان نەوەکان (Graded Intergenerational Disruption Scale-GIDS)

GIDS و RLS : پەیوەندی نێوان ئەم دوو چەمکە لەوەدایە کە GIDS وەک ئامرازێکی دەستنیشانکردن کاردەکات، لە کاتێکدا RLS وەک پرۆسەی چارەسەرکردن کاردەکات.

| قۆناغ | ئاستی مەترسی | وەسفی دۆخی زمان |
|---|---|---|
| قۆناغی ٨ | زۆر بەرز | تەنها نەوەی باپیران و داپیران بە زمانەکە دەدوێن و زمانەکە لە لێواری نەماندایە(گیانەڵای زمانی). |
| قۆناغی٧ | بەرز | نەوەی دایکان و باوکان زمانەکە دەزانن، بەڵام نایگوازنەوە بۆ منداڵەکانیان. |
| قۆناغی٦ | مامناوەند(قۆناغی یەکلاکەرەوە) | زمانەکە تەنها لە ناو خێزاندا بەکاردێت و منداڵان وەک زمانی یەکەم فێریدەبن. |
| قۆناغی٥ | کەم | زمانەکە بۆ خوێندنەوە و نووسین لە ناو ماڵ و قوتابخانە و کۆمەڵگەدا بەکاردەبرێت (بەبێ پاڵپشتی فەرمی) |
| قۆناغی٤ | سەقامگیر | زمانەکە لە قوتابخانە فەرمییەکاندا وەک زمانی خوێندن بەکاردەبرێت. |
| قۆناغی٣ | زۆر سەقامگیر | زمانەکە لە شوێنی کار و بازرگانیە ناوخۆییەکاندا بەکاردەبرێت. |
| قۆناغی٢ | بەهێز | زمانەکە لە میدیای ناوخۆیی و خزمەتگوزاریی حکومیی ناوخۆیدا بەکاردەبرێت. |
| قۆناغی١ | باڵا | زمانەکە لە خوێندنی باڵا، حکومەتی ناوەندی و میدیا نیشتمانییەکان و سەجەم کایەکاندا بەکاردەبرێت. |

خشتەی ژمارە(١)خستنە ڕووی مۆدێلی GIDS ی فیشمان بۆ پێوانەکردنی ئاستی مەترسی زمانی نەتەوەیی.

جۆشوا فیشمان جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرکەوتنی هەوڵەکان بۆ (گەڕاندنەوەی گۆڕانی زمان-RLS) بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە گواستنەوەی زمان لە نێوان نەوەکاندا، کەئەمەش لە ناو خێزاندا (قۆناغی ٦ی GIDS ئەمە گرنگترین و بنەڕەتیترین قۆناغە) ڕوودەدات. بە بڕوای فیشمان، دانپێدانانی فەرمی زمانێک لەلایەن حکومەتەوە یان بەکارهێنانی زمان لە قوتابخانە و میدیادا (قۆناغەکانی ١ و ٢ و ٤) بە تەنیا ناتوانن زمانێک لە مردن ڕزگار بکەن، ئەگەر نەوەی نوێ لە ماڵەوە بەو زمانە نەدوێن. واتە، بناغەی زیندووراگرتنی زمان لە ئاستی خێزان و کۆمەڵگەی بچووکەوە دەستپێدەکات، نەک لە ئاستی دامەزراوە گەورەکاندا.(Hlavac، ٢٠٠٢: ١٠٣) قۆناغی منداڵی، وەک زاراوەیەک بۆ دەستپێک و سەرەتای تەمەنی مرۆڤ دیاریکراوە، منداڵ لە تەمەنی هەشت مانگییەوە فێری دەنگ دەربڕین دەبێت و لە تەمەنی (١٢-١٤) مانگییشدا دەتوانێت چەند وشەیەک دەربڕێت، لە تەمەنی (٤) ساڵیدا توانستی پێکهاتەی زمانی تەواو دەبێت، بەڵام بە تەواوی لە تەمەنی (٥) ساڵیدا کردەی زمانپژانی کامڵ و پڕاوپڕ دەبێت و پێکهاتەی فەرهەنگی ئاوەزی دەخەملێت و ئەو وشانەی لەم کۆگە و گەنجینەیەدا خەزنکراون،

به نـزيكەی (١٤,٠٠٠) وشـە دانـراون، هەتـا ئەم گەنجینـەیە بەكارنەهێنرێـت و ئەزمـوون نەكرێـت خاوەنەكەی ناتوانێت كۆزانیاریی زمانی وەربگرێت. كۆزانیاریی زمانی لە بەكارهێنانی زمانەوە بەرجەستە دەبێت، لەبەر ئەوەیە فێربوونی زمانی دووهەم پێش ئەم تەمەنە بە نەرێنی دانراوە. ئەم تەمەنەی مرۆڤ بە تەمەنی ئامادەباشی و سازكردن دانراوە، ئەگەر دەوروبەر بە دروستی بیوروژێنن و ئاراستەی بكەن و بەگەڕیبخەن (كە زمان سـەرچاوەی ئەم كارەیە)، (حسێن، ٢٠٢١: ١٨) كـرۆكی چەمكی گواستنەوەی زمـان لە نێـوان نەوەكانـدا جەخـت لەسـەر ئەوە دەكـاتەوە كە بنـاغەی زمـانیی منـداڵ و پێكهـاتەی فەرهەنگیی ئاوەزی لەناو خێزاندا و تا تەمەنی پێنج ساڵی دادەڕێژرێت. ئەم قۆناغە بۆ پاراستنی زمانی دایك زۆر بە هەستیار دادەنرێت. ئەگەر شیكردنەوە بۆ زمانی كوردی لە لە باشوری كوردستان بكەین:

- زمـانی كـوردی لە پەروەردە و دامەزراوەكـانی حكـومەتی هەرێـمی كوردسـتان بەكاردێـت:

←گەیشتووەتەئاستەبەرزەكان١–٤

- ئەگەر خێزانەكان بەردەوام بن لە قسەكردن بە كوردی لەگەڵ منداڵەكانیان:

←ئاستی ٦ بەهێزە.

بۆیە دەتوانرێت بوترێت زمانی كوردی لەم ناوچەیەدا مەترسیی لەناوچوونی لەسەرنییە.

٢. ژمارەی ڕەهای ئاخێوەران:

كـۆی گشـتی ئەوكـەسـانەی بەو زمـانە دەدوێـن، كـاریگەری هەیە لەسـەر ئەگەری مـانەوەی ئەو زمـانە. ئەگەرچی ژمارەی زۆر بە تەنها گەرەنتی پاراستنی زمان ناكات.

یەكێكی تـر لە سـتراتیژەكانی پاراسـتنی زمـان (ئاسایشسازی زمان) پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە ژمارە و پێگەی ئاخێوەرانی زمانەكەوە هەیە، لە كاتێكدا هەر زمانێك قسەپێكەری هەبێت بە زمانێكی "زیندوو" دادەنرێت، بەڵام پێوەری "بەهێزی"ی زمان لە جیهاندا گۆڕاوە، لە ئێستادا تەنها ژمارەی قسەكەرانی زمانی دایك بەسنییە، بەڵكو "هێزی سیاسی و ئابووریی و ژمارەی بەكارهێنەرانی وەك زمانی دووهەم" ڕۆڵی سـەرەكی دەگێڕن. بۆ نموونە، زمانی چینی سـەرەڕای هەبوونی زۆرترین قسـەپێكەری زمانی دایك، نەیتوانیوە وەك زمانی ئینگلیزی ببێتە زمانێكی هەژموونداری نێودەوڵەتی، (بەپێی توێژینەوەی لویس ژان كاڵفی، كە چەندین ناوەندی نێودەوڵەتی ئاماژەیانپێداوە) ئینگلیزی زمانی دایكی نزیكەی (٣٧٥) ملیۆن كەسە لە سەرتاسەری جیهاندا، سێهەم زمانی دایكە لەدوای زمانی چینی و ئیسپانی كە ڕیزبەندی یەكەم و دووهەمیان هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ئینگلـیزی زمـانی زانسـت و بازرگـانیی جیهـانە و نـزیكەی یەك ملیارو نیو ئاخێوەر وەك زمانی دووەم بەكاریدەهێنن، پلەی یەكەمی گرتووە،

لەم چوارچێوەیەشـدا، زمـانی كـوردی دۆخـێكی تـایبەتی هەیە، سـەرەڕای ئەوەی زمـانی نەتەوەیەكی بێـدەوڵەتە و ناسـاندنی زیـاتر پەیوەسـت بـووە بە دۆزی سیاسـییەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا توانیـویەتی پـێگەیەكی بەرچاو بەدەسـتبهێنێت، بەپێی هەنـدێك ڕیزبەنـدیی لەوانە بەپێی (تـوێژینەوەی لـویس ژان كاڵفی)، زمانی كوردی لە پلەی (٣١)ی زمانە زیندووەكانی جیهاندایە، كە (٨٨) زمانن، بەپێی سەرژمێریی سـاڵی ١٩٨٥، كـورد بە (٢١ ملیـۆن) كەس هەژمـاركراوە و ژمـارەی كـوردانی ئەوروپـا لە نێـو ئەو سـەرژمێرییەدا نییە، لەسـەر ئەم بنەمـایە زمانی كـوردی بە (٤٠)هەمـین زمانی دنیا دانـراوە، لە كاتێكدا ئینسـایكلۆپیدیای نیشـتمانیی سـویدی بـۆ ڕیزبەنـدیی زمـانە جیهانییەكان لە پلـەی (٥٩)دا داینـاوە، كە دەكاتە نـزیكەی ٠,٣١٪ی دانیشـتووانی جیهـان قسـەیپێدەكەن. ئەمەش دەریـدەخات كە زینـدوویەتی زمان تەنها بەند نییە بە ژمارەی ڕەهاوە، بەڵكو بە كۆمەڵێك فاكتەری كۆمەڵایەتی و سیاسیی ئاڵۆزەوە بەستراوەتەوە. ( ئەمین، ٢٠١٧: ١٨١-١٨٣) لەگەڵ ئەوەشدا مەترسی تەنیا لەسەر زمانە بچووكەكان نییە، بەڵكو زمانە گەورەكانیش ڕووبەڕووی "لەدەستدانی بوارەكانی بەكارهێنان" دەبنەوە. "یۆهان ڤان هۆرد"، لە ڕێكخراوی "نێدەرلاندسە تالونی"، ئاماژە بە زمانی هۆڵەندی دەكات كە نزیكەی ٢١ ملیۆن ئاخێوەری هەیە، بەڵام مەترسیی ئەوەی لەسەرە كە ببێتە زمانێكی ئاخاوتنی ئاسایی ناوماڵ و ڕۆڵی لە بوارە گرنگەكانی وەك كار و پارە و زانست و تەكنەلۆژیادا لەدەستبدات. (CRYSTAL ،٢٠٠٣: ٢٢)،



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

هەربۆیە مەحاڵە لێکدانەوەیەکی دروست بۆ ژمارەی ڕەهای ئاخێوەران بکرێت، بەڵام ڕوونە کۆمەڵگەیەک کە ئاخێوەری بچووکە هەمیشە لەژێر مەترسیدایە. دانیشتووانێکی کەم زۆر زیاتر ڕووبەڕووی لەناوچوون دەبنەوە (بۆ نموونە بەهۆی نەخۆشی، جەنگ، یان کارەساتی سروشتی) لە چاو دانیشتووانێکی گەورەتر. هەروەها ڕەنگە گرووپێکی زمانی بچووک لەگەڵ گرووپێکی دراوسێدا تێکەڵ ببێت و بەوەش زمان و کلتووری خۆی لەدەستبدات. (Brenzinge et al، ٢٠٠٣: ٨)

٣. ڕێژەی تەمەنی ئاخێوەران لەناو کۆی دانیشتواندا:

ستراتیژی پاراستنی زمانی لەڕووی تەمەنی ئاخێوەرەکانی زمانەکەوە: مەبەست لێی ئەوەیە کە زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگا بەو زمانە دەدوێن؟ یان بەکارهێنانی زمانەکە تەنها لەناو تەمەنێکی دیاریکراو یان توێژێکی کۆمەڵایەتیی بەرتەسکدا ماونەتەوە؟

پۆلێنکردنی زمانە لاوازەکان و مەترسیی لەناوچوونیان بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە تەمەنی ئاخێوەرە ڕەسەنەکانیان و ئەو بوارانەی زمانەکەی تێیدا بەکاردێت. زمانێک بە مەترسیدار دادەنرێت کاتێک کەمێک لە منداڵان یان هیچ منداڵێک فێری نابێت و گەنجترین ئاخێوەرەکانی لە تەمەنی گەنجیدان. ئەم مەترسییە قووڵتر دەبێتەوە کاتێک گەنجترین ئاخێوەرە ڕەسەنەکان تەمەنیان ٥٠ ساڵ یان زیاتر دەبێت، تا دەگاتە دۆخی "لە لێواری مەرگدا" کە تەنها چەند ئاخێوەرێکی زۆر بەتەمەن دەمێننەوە. بۆ نموونە زمانی ئارامی لە ناوچەی مەعلولا لە سووریا. پەنجا ساڵ لەمەوبەر، هەموو قوتابییەکانی مەعلولا بە ئارامی قسەیان دەکرد، بەڵام ئێستا هەمووان بە عەرەبی قسە دەکەن و لەگەڵ زمانی ئارامیدا دەجەنگن، کە ئەمەش گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە تەمەنی ئاخێوەران و بەکارهێنانی زمانەکەدا نیشاندەدات.

ستیڤن وۆرم (Stephen Wurm) پۆلێنکردنێکی پێنج ئاستی پێشکەشکردووە کە جەخت لەسەر تەمەنی ئاخێوەران دەکاتەوە بۆ دیاریکردنی ئاستی مەترسی لەسەر زمانەکان. بەپێی ئەم پۆلێنکردنە، ئەو زمانانەی "مەترسی لەناوچوون" (endangered Potentially)یان لەسەرە، ئەوانەن کە لەژێر فشاری زمانێکی گەورەتردان و دەستیانکردووە بە لەدەستدانی ئاخێوەرە منداڵەکانیان. ئەو زمانانەی "لەژێر مەترسییەکانی لەناوچوون"دان، کەمترین منداڵ فێری دەبن و گەنجترین ئاخێوەرەکانیان گەنجە پێگەیشتووەکانن. ئەو زمانانەش کە "بە تەواوی لەژێر مەترسییەکانی لەناوچووندان" ،گەنجترین ئاخێوەرە ڕەسەنەکانیان تەمەنیان ٥٠ ساڵ یان زیاترە. لە کۆتاییدا، ئەو زمانانەی "لە لێواری مەرگدان و بە گیانەڵای زمانی ناوێرکراون، تەنیا چەند ئاخێوەرێکی زۆر بەتەمەنیان ماوە، و زمانە "لەناوچووەکان" (Extinct) هیچ ئاخێوەرێکیان نەماوە.(CRYSTAL، ٢٠٠٣: ٢١) هەروەها فیشمانیش وایدادەنێت کە کرۆکی ژیانداریی زمان لە گواستنەوەی نێوان نەوەکاندا دەردەکەوێت، کە دەکرێت لە شەش ئاستدا پۆلێنبکرێت، کە ئاستەکانی مەترسی بەپێی گەنجترین نەوەی ئاخێوەران دیاریکردووە، لە زمانی "بێوەی"ەوە (هەموو نەوەکان قسەیپێدەکەن)، "نابێوەیی" (زۆربەی منداڵان قسەیپێدەکەن بەڵام لە سنوورێکی دیاریکراودا)، تا "لەناوچوو" (هیچ ئاخێوەرێکی نامێنێت). کەمبوونەوەی بەکارهێنانی زمان لە نێوان نەوە بچووکەکاندا نیشانەی سەرەکیی مەترسییەکی گەورەیە، چونکە تەنانەت زمانی "بێوەی"یش گەرەنتی مانەوەی نییە ئەگەر لە گواستنەوەی نێوان نەوەکاندا بپچڕێت (**Brenzinge** et al، **٢٠٠٣: ٧-٨**)

دووهەم/ بوارەکانی بەکارهێنانی زمان:

ئەم پێوەرە پرسیار لە دیاریکردنی کەرتەکانی بەکارهێنانی زمان دەکات: ئایا زمانەکە لە چ بوارێکدا بەکاردێت: (ماڵ و خێزان، پەروەردە و فێرکردن، ڕاگەیاندن، یان لە بەڕێوەبردن وداموودەزگاکانی دەوڵەتدا) بەکاردەهێنرێت؟ یان بەکارهێنانی تەنها لە چوارچێوەی ئاخاوتنی ناوماڵدا قەتیسبووە ؟ بەپێی تیۆری بوارەکانی بەکارهێنانی زمان(Domains of Language Use) فیشمان، مانەوەی هەر زمانێک دەبەستێتەوە بە بەکارهێنانی لە کایە جیاوازەکانی وەک "خێزان و قوتابخانە و گەڕەک و شوێنی کار و شوێنی ئاینی و ڕاگەیاندن"، چونکە کەمبوونەوەی ئامادەیی زمان لەم بوارە سەرەکییانەدا، دەبێتە هۆی

لاوازبوونی و لە کۆتاییدا سڕینەوەی یەکجاریی زمانەکە.(Spolsky،٢٠٠٩: ٣) کەمبوونەوەی بوارەکانی بەکارهێنانی زمان، وادەکات زمانەکە بە "بێبەشکراو" دابنرێت، چونکە گۆکردنە سەرەکییەکانی لەدەستدەدات یان زمانێکی تری باڵادەست جێگەی دەگرێتەوە. هەندێک زمان ئەوەندە تووشی داخورانی گفتوگۆ و ئاخاوتن دەبن کە لە کۆتاییدا تەنیا لە یەک بواردا دەمێننەوە. بۆ نموونە، زمانی "گێز" (لە ئەسیوپیا) تەنها بۆ ڕێوڕەسمی ئایینی بەکاردێت وەکزمانێکی ئایینی و نزا ماوەتەوە.(CRYSTAL٢٠٠٣: ٢١)،

١- بەکارهێنانی زمان لە ناو خێزاندا:

لەلای فیشمان بەکارهێنانی زمان لەناو خێزان و کۆڵاندا بە بەردی بناغە و چەق سەرەکیی پرۆسەی گواستنەوەی زمان بۆ نەوەکانی داهاتوو دادەنێت، چونکە بەبێ بەکارهێنانی زمان لە ناو ماڵدا، هیچ هەوڵێک بۆ زیندووکردنەوە یان پاراستنی زمانە کەمینەکان سەرکەوتوو نابێت.(McLeod ، ٢٠٠٥) هەر لەم ڕووانگەیەوە خێزان بە یەکەم و گرنگترین ژینگەی چاندنی تۆوی زمانی دایک لە دەروونی منداڵدا دانراوە، پرۆسەی فێربوونی زمانی دایک لە قۆناغی منداڵیدا. (زمانپژانی تەواوەتی منداڵ) خودی کرۆکی چەمکی "گواستنەوەی زمانە لە نێوان نەوەکاندا". منداڵ لە تەمەنی (٥) ساڵیدا "کردەی زمانپژانی کامڵ دەبێت" و "پێکهاتەی فەرهەنگی ئاوەزی دەخەملێت". ئەمە بەو مانایە دێت کە بناغەی زمانیی منداڵ لەم قۆناغەدا و لەناو خێزاندا دادەڕێژرێت، کە ئەمەش خودی پرۆسەی گواستنەوەیە، کە ئەم زمانە(زمانی دایك) سەرچاوەی بنەڕەتیی بنیاتنانی کەسێتی و گواستنەوەی بەها کلتوورییەکان و بەستنەوەی نەوەکانە بەیەکترەوە. هەر تێکشکاندنێک یان کەمکورتییەک لە زمانی دایکدا، بەتایبەت لە دە ساڵی یەکەمی تەمەنیدا ڕووبدات، دەبێتە هۆی لەناوچوونی ڕەسەنایەتی و توانای بیرکردنەوە و ناسنامەی نەتەوەیی، چونکە منداڵ لە ڕێگەی زمانەوە نەک هەر فێری ئاخاوتن، بەڵکو فێری ژیان و بەها کۆمەڵایەتییەکانیش دەبێت.(حسێن،٢٠١٦: ٥٨)

٢- بەکارهێنانی زمان لە بواری پەروەردە و فێرکردندا:

پەیدابوونی سیستەمەکانی نووسین و چاپەمەنی دەتوانێت هەم زمانەکان بپارێزێت و هەم بیخاتە مەترسییەوە.

سیستەمەکانی نووسین دەبنە هۆی پاراستنی زمانەکان تەنانەت دوای نەمانی ئاخاوتنی پێیان، وەک زمانە دێرینەکانی سۆمەری و میسری کۆن، یان زمانی لاتینی کە زمانێکی نووسراو بوون لە دەقە ئایینی و کلتووری یان زانستی و یاسادا، کاتێک شێوەی ئاخاوتنی ئەم زمانانە لەناو چوو شێوە نووسراوەکەیان بۆ چەندین سەدە مایەوە.

داهێنانی چاپخانە لە لایەکەوە یارمەتیدەری جێگیرکردنی ڕێزمان و ڕێنووسی ستاندارد بوو، بەڵام لە لایەکی ترەوە بووە هۆی چەسپاندنی هەژموونی زمانە باڵادەستەکان و پاشەکشەپێکردنی شێوەزارە ناوچەییەکان و زمانە کەمینەکان.(Seedath ، ٢٠٢٥)

دامەزراوە فێرکارییەکان و قوتابخانە وەک "پایتەختی زمان" و دامەزراوەیەکی سەرەکیی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە گەشەپێدانی زمانی منداڵ و پێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان. بۆ ئەوەی زمانی کوردی لە بواری پەروەردەدا بە شێوەیەکی دامەزراوەیی و بەردەوام بەکاربهێنرێت، بوونی کەرەستەی نووسراوی ستاندارد وەک "پەرتووک و پرۆگرامی خوێندن و فەرهەنگ و ڕێنووسی فەرمی" زۆر گرنگە. ئەم کەرەستانە نیشانەی دامەزراوەیی و بەردەوامی زمانێکن و ڕێگە نادەن زمانەکە تەنها بە شێوەی زارەکی بمێنێتەوە. زمانی دایک جۆرێتیی پەروەردە بەرز دەکاتەوە و داهێنان پەرەپێدەدات و تێکشکاندنی زمانی دایک هاوتایە لەگەڵ تێکشکاندنی کلتوور و بیرکردنەوەی تاک.(حسێن،٢٠١٦: ٦٢)

پەیوەست بە پاراستنی زمانی کوردی وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی و بنەمایەکی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستاندا، پێویستە حکومەت ستراتیژییەکی تۆکمە پەیڕەو بکات کە بریتیبێت لە دانانی یاسا و ڕێنمایی توند بۆ قوتابخانە تایبەت و بیانییەکان بە مەبەستی سنووردارکردنی بەکارهێنانی زمانی بیانی و ناچارکردنیان بە فێرکردنی زمانی نەتەوەیی. هەروەها، قەدەغەکردنی سیستەمی جووتزمانی لە قۆناغەکانی

باخچەی ساوایان و بنەڕەتیدا زۆر گرنگە، چونکە فەرامۆشکردنی زمانی دایک لەم قۆناغانەدا زیانی زمانی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی گەورەی لێدەکەوێتەوە. بۆیە، چەسپاندنی زمانی کوردی وەک تاکە زمانی فێرکردن لەم قۆناغە هەستیارانەدا، لەگەڵ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن بە زمانی کوردی، هەنگاوی سەرەکین بۆ پاراستنی زمانی دایک و دڵنیابوون لەوەی وەک زمانی یەکەم مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. (سەرچاوەی پێشو: ٧١)

٣- بەکارهێنانی زمانە لە بواری ڕاگەیاندن و میدیادا :

ستراتیژی ئاسایشی- زمانی کوردی پێویستی بە چاودێری و ڕێکخستنی کاریگەریی دووڕووی ڕاگەیاندن هەیە لەسەر زمان. لە کاتێکدا ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێڕێت لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و هێنانی وشە و زاراوەی نوێ، لە هەمان کاتدا مەترسی هێنانی وشەی نەگونجاو و لاوازکردنی زمانی ستاندارد و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی هەیە. بۆیە، دەسەڵاتی کوردی دەبێت کار لەسەر دانانی ڕێنمایی و میکانیزمی گونجاو بکات بۆ هاندانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردییەکی ستاندارد و ڕەسەن، بە شێوەیەک کە ڕاگەیاندن ببێتە ئامرازێکی کارا بۆ پەرەپێدان و چەسپاندنی زمانی کوردی لە هەموو ماڵێکدا و لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا، نەک هۆکارێکبێت بۆ تێکەڵکردن و لاوازکردنی. (عمر، صابر، ٢٠١٧: ١٤٤)

٤- بەکارهێنانی زمان لە بواری تەکنەلۆجیادا: ئایا زمانەکە لە جیهانی دیجیتاڵدا (ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنەلۆژیای سەردەم) ئامادەیە؟یان زمانەکە لە جیهانی دیجیتاڵیدا پەراوێز خراوە؟ تەکنەلۆژیای زانیاریی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر زمان و کلتوور دروستکردووە، بەتایبەت بە بڵاوبوونەوەی وشە و دەستەواژەی ئینگلیزی (وەک لایک، کۆمێنت، فرێند.....) کە دەچنە ناو زمانی کوردییەوە. ئەم گۆڕانکارییە لە زماندا دەتوانێت کاریگەری لەسەر کلتوور و ناسنامە هەبێت، بۆیە پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، تەکنەلۆژیا دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ پەرەپێدانی دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی، بە مەرجێک پلان و سیاسەتێکی زمانیی تۆکمە هەبێت بۆ بەکارهێنانی "ڕێنووسی ستاندارد و وشەی ڕەسەن و داڕێژراو"، نەک تێکدانی وشەسازی و فەرهەنگی کوردی(مستەفا،٢٠٢٣: ٤٣٨)

٥- بەکارهێنانی زمان لە بواری کارگێڕیدا:

کایەی حکومی گشت ئاستەکانی دەسەڵات و یاسادانان دەگرێتەوە، کە زمانی فەرمی تێیدا وەک مافێکی یاسایی و بنەڕەتی لە دامەزراوەکاندا دیاریدەکرێت. (Reynolds،٢٠٢٣: ٣-٤) ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی دەوڵەتەکان ڕۆڵیان هەیە لە مانەوە یان لەناوچوونی زمانە کەمینەکاندا، چونکە زۆرجار دەسەڵاتە باڵادەستەکان بۆ پاراستنی "یەکێتیی نیشتمانی"، زمانێک دەسەپێنن و زمانەکانی تر وەک هەڕەشە دەبینن. ئەم ڕوانگەیە لە ڕێگەی یاسا و فشارە سیاسییەکانەوە، دەبێتە هۆی ساردکردنەوەی ئاخێوەرانی کەمینە لە بەکارهێنانی زمانی دایکیان و لە کۆتاییدا پەراوێزخستنی یەکجاریی ئەو زمانانە.( UNESCO،٢٠٠٣: ١٢) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەراوێزخستنی زمانی کوردی و جێبەجێکردنی تەواوی یاساکانی زمان، پێویستە لیژنەیەکی پیشەیی لە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان پێکبهێنرێت بۆ داڕشتنی یاسای زمانی، لەگەڵ دانانی زمانپارێز لە فەرمانگە حکومییەکان و بەستنی کۆنگرە و سیمینار بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری زمانی. (جامباز،٢٠١٤: ٣٠٢)

سێیەم/ هەڵوێست و سیاسەتە فەرمییەکانی دەوڵەت:

یاسای زمان و سیاسەتی دەوڵەت دوو کۆڵەکەی سەرەکین بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و ڕێگریکردن لە فەوتانی زمان. ئەم پاراستنە تەنها بە جێگیرکردنی ماددەی دەستووری و دەرکردنی یاسا لە ئاستی وڵات و هەرێمەکاندا بەدی نایەت، بەڵکو پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز و چوارچێوەیەکی جێبەجێکاری تۆکمە هەیە لە دامودەزگاکانی پەروەردە و کارگێڕیدا، تاوەکو زمان لە هەموو ئاستەکاندا بە زیندوویی بمێنێتەوە(جامباز،٢٠١٤: ٢٣٦).

١- ماددەی (٤) دەستووری هەمیشەیی کۆماری فیدراڵی عێراق ٢٠٠٥ زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە سەرانسەری عێراقدا ناساند و پێگەی یاسایی بۆ دیاری کرد. لەم بنەمایەوە، "پەرلەمانی کوردستان . عێراق" یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤ی(یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان) دەرچواند، (وەک ئامرازێکی پراکتیکی) کە ئامانجی دروستکردنی میکانیزمی کردەییە بۆ جێبەجێکردنی ئەو حەقە دەستوورییە. ئەمەش دەریدەخات کە چۆن یاسایەک دەتوانێت لەسەر بنەمای دەستووری دابمەزرێت بۆ پاراستنی زمان.
٢- یاسا و ڕێنمایی بۆ جڵەوگرتنی زمان، میکانیزمی کردەیی بۆ ڕێکخستنی زمان دیاریدەکەن، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان لە ماددەی (٤ )دا دارشتنی  پرۆژەیاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنمایی بە کوردی دەردەکرێن، و لە ماددەی (٢٤) دا سزای یاسایی سەرپێچیکاران وەک گەرەنتی جێبەجێکردن جێگیر دەکات.
٣- بڕیاری سیاسی بۆ جێبەجێکردن و چەسپاندنی زمانەکە، زامنی ئەوە دەکات کە یاسا و ڕێنماییەکان تەنها لەسەر کاغەز نەمێننەوە. دەرچوواندنی "یاسای زمانە فەرمییەکان" لەلایەن پەرلەمان و سپاردنی ئەرکی جێبەجێکردنی بە ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی لە ماددەی (٢٥)دا، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بوونی ئیرادەی سیاسی بۆ چەسپاندنی زمانەکە.
٤- پاڵپشتیکردنی زمان لەلایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە، واتا بەکارهێنانی زمان لە هەموو بوارە فەرمییەکاندا. هەر لە "یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان"دا چەندین نموونەی ئەم پاڵپشتییە دەخاتە ڕوو: ماددەی (٧) زمانی کوردی وەک زمانی ئاخاوتن و نووسینی فەرمی سەرجەم دامەزراوە دەستووری و فەرمانگەکانی هەرێم دیاریدەکات. ماددەی (١٠)یش داوا دەکات تابلۆی سەرجەم دامەزراوە و فەرمانگە حکومییەکان زمانی کوردی لەخۆ بگرێت. هەروەها ماددەی (١٣) زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لە پەروەردە و پرۆسەی فێرکردندا دەستنیشاندەکات. ماددەی (٨)زمانی کوردی  و زمانی عەرەبی، زمانی پەیوەند نێوان حکومەتی هەرێم و فیدراڵە. ئەم ماددانە بە ڕوونی نیشاندەدەن کە چۆن دەوڵەت لە ڕێگەی دامودەزگاکانییەوە پاڵپشتی زمان دەکات و پێگەی فەرمی پێدەبەخشێت. (پەرلەمانی کوردستان . عێراق، ٢٠١٤)

چوارەم/ هەڵوێستی کۆمەڵگە بەرامبەر بە زمانەکەی خۆی:

هەڵوێستی ئەندامانی کۆمەڵگە بەرامبەر زمانەکەیان، کە لە نێوان تێڕوانینیان وەک ناسنامەیەکی بەنرخ یان بەربەستێکی ئابووریدا دەگۆڕێت، ڕۆڵی سەرەکی لە دیاریکردنی چارەنووسی زمانەکەدا دەگێڕێت. لە کاتێکدا فشارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان زۆرجار تاکەکان ناچاری وازهێنان لە زمانی دایک دەکەن بە پاساوی دەستکەوتنی هەلی ژیانی باشتر، چارەنووسی زمان تەنیا بە یاسا دیارییناکرێت، بەڵکو بەستراوەتەوە بەوەی قسەکەرانی ئەو زمانە چۆن سەیری ناسنامەی خۆیان دەکەن، ئەگەر زمانەکەیان وەک بەربەستێکی ئابووری ببینن، بەرەو زمانە باڵادەستەکە لادەدەن، بەڵام ئەگەر وەک بەهایەکی کولتووری ببینن، پەنا بۆ ستراتیژییەکانی وەک زیندووکردنەوە و پاراستن دەبەن. لە کۆتاییدا، پاراستنی زمان پێویستی بە هاوسەنگییەک هەیە لە نێوان پشتگیریی دامەزراوەیی و ویستی کۆمەڵایەتیدا بۆ ئەوەی زمانە ناباڵادەستەکان لە مەترسی تواندنەوە ڕزگار بکرێن (UNESCO،٢٠٠٣: ١٤)

ئایا ئاخێوەران شانازی بە زمانی خۆیانەوە دەکەن؟ یان هەست بە شەرمەزاریدەکەن و زمانێکی تر (زمانە باڵاکان) بەسەر زمانی خۆیاندا هەڵدەبژێرن؟ دیدگای ناوخۆیی ئاخێوەران، هێزێکی بنەڕەتییە بە بەردەوامی یان پەراوێزخستنی زمان دەبەخشێت.

هۆشیاری و هەڵوێستی کۆمەڵگە بەرامبەر بە زمانەکەی خۆیان ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لە سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەکی بوژاندنەوەی زمان. کاتێک ئایدیۆلۆژیا و هەڵوێستە نەرێنییەکان لەناو کۆمەڵگادا فراوان دەبن، هەوڵەکانی بوژاندنەوە ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەکاتەوە. لە بەرامبەردا، ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ئەندامەکانیان بە شکۆوە سەیری زمانی خۆیان دەکەن و بە بەشێک لە ناسنامەی خۆیانی دەزانن، وەک گەلانی ویلز و مائۆری، لە بوژاندنەوە و پاراستنی زمانەکەیاندا سەرکەوتوو بوون.


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

بۆ ئەوەی کۆمەڵێک زمانی خۆی بپارێزێت، پێویستە لەپێش هەموو شتێک ئایدیۆلۆژیا هەبووەکان و ڕەگ و ڕیشەکانیان دەستنیشانبکەن، پاشان بە بەرنامە کاریگەرێی ئایدیۆلۆژیا نەرێنییەکان لە ڕێگەی کەمپەین و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانەوە کەم بکەنەوە، لە لایەکی ترەوە هەڵوێستی ئەرێنی لە ڕێگەی "بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی زمانیی پاڵپشتیکراو و دیمەنی زمانی و پەروەردەی فەرمی و نافەرمی" بەهێز بکەن. یەکێک لەو ئامرازە بەهێزانەی بوژاندنەوەی زمان، دیمەنی زمانییە، نووسینە جووتزمانییەکان لەسەر تابلۆی شەقامەکان و باڵەخانە گشتییەکان کە ئاماژەیەکی بەهێزن بۆ ناسنامەی کۆمەڵایەتی و یەکسانی لە نێوان زمانی کەمینەکان و زمانی باڵادەستدا.(Dołowy-Rybińska & Hornsby، ٢٠٢١)

لە هەرێمی کوردستاندا، زۆربەی تابلۆ فەرمییەکان بە دوو یان سێ زمان (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)نوسراون، زمانی کوردی زۆرجار لە سەرەوە دێت، ئەمەش نیشانەیەکی بەهێزە بۆ نیشاندانی هەژموونی زاڵی زمانەکە. یان بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ڕاگەیاندنە گشتییەکاندا، وەک ڕاگەیاندنی فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی لەگەڵ زمانی ئینگلیزی.

جەژنی نەورۆز، کە لەلایەن یونیسکۆوە وەک میراتێکی کلتووریی نامادی زیندووی مرۆڤایەتییە ناسێنراوە(UNESCO, 2024) ، نموونەیەکی باڵای ستراتیژیی پاراستنی زمان و بەهێزکردنی شانازیی نەتەوەییە. ئەم جەژنە لە ڕێگەی دروستکردنی دیمەنی زمانی (وەک تابلۆ و پیرۆزباییەکان بە زمانی کوردی) و دیمەنی دەنگی (وەک گۆرانی و مەراسیمە کوردییەکان) بوونێکی فیزیکی و ڕەمزیی بەهێز بە زمان دەبەخشێت. نەورۆز وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتووری، نەک هەر هانی نەوەی نوێ دەدات بۆ بەکارهێنانی زمانی دایک، بەڵکو لە ئاستی جیهانیشدا هەڵوێستێکی ئەرێنی و شانازییەکی بەکۆمەڵ بۆ پاراستنی ناسنامە و زمان لە شێواندن و لەناوچوون دروستدەکات.

پێنجەم/ ستراتیژی پاراستنی زمان لە ڕووی ستانداردبوونی زمانی نەتەوەیی: چەمک، تیۆریی و بواری جێبەجێکردن:

ستانداردکردنی زمان پرۆسەیەکی مەبەستداری پلاندانانی زمانە بۆ داڕشتنی یاسا و ڕێسای یەکگرتوو، لە ڕێگەی چەسپاندنی شێوەزارێکی دیاریکراو وەک زمانی ڕەسمی. ئامانجی ئەم پرۆسەیە کەمکردنەوەی جیاوازییە زمانییەکان و یەکخستنی ڕێنووس و بێژەکردنە لە ڕێگەی فەرهەنگ و ڕێزمانەوە، تاوەکو زمانەکە ببێتە ئامرازێکی هاوبەش بۆ پەیوەندی و پاراستنی ناسنامەی کلتووری و گونجاندنی لەگەڵ پێداویستیی زانستی و تەکنەلۆژیای سەردەمدا. (StudySmarter ، ٢٠٢٤) ئاینار هاوگن وەک پێشەنگی بواری پلاندانانی زمان، مۆدێلەکەی لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە زاڵە بەسەر گفتوگۆکانی ئەم بوارەدا. مۆدێلەکەی هاوگن بۆ ستانداردکردنی زمان لە چوار قۆناغ پێکدێت: یەکەم، ناساندنی زمان "هەڵبژاردنی شێوەزارێکە بۆ پەرەپێدان". دووهەم، کۆدڕێژکردنی فۆرم (پلاندانانی جەستەی زمان) "پەرەپێدانی پێکهاتەی زمانەوانی و دەنگسازی و ڕێزمان و فەرهەنگی وشە" دەگرێتەوە. سێهەم، پەرەپێدانی ئەرکەکانی زمان "بوارەکانی بەکارهێنانی زمانەکە" زیاد دەکات. چوارەم، شکۆمەندیی زمانی، پەسەندکردن لەلایەن کۆمەڵگەوە "کە تێیدا نۆرمە هەڵبژێردراوەکە دەبێت لەلایەن بەکارهێنەرانەوە قبوڵ بکرێت و ببێتە مایەی باشتربوونی پێگەی کۆمەڵایەتییان". (Zaidi، ٢٠١٣: ٧-٩) ستانداردبوونی زمان تەنها بابەتێکی ئەکادیمی نییە، بەڵکو پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ یەکخستنی گوتار و پەیوەندی لە کایە هەستیارەکانی وەک(خێزان، پەروەردە، کارگێڕیی، ڕاگەیاندن)دا:

١. لە خێزاندا:

خێزان یەکەمین ناوەندی فێربوونی زمانە. کاتێک زمانێک دەبێتە ستاندارد، زۆرجار جۆرێک لە دوو دیویی زمانی (Diglossia) لەناو خێزاندا دروستدەبێت. دایک و باوک هەوڵدەدەن منداڵەکانیان بە زمانی ستاندارد پەروەردە بکەن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە خوێندن و کاردا سەرکەوتوو بن. ئەمەش هەندێکجار دەبێتە هۆی ئەوەی شێوەزارە ناوخۆییەکان یان "زمانی دایک" لەناو ماڵدا بەرەو لاوازی

بچێت. خێزان دەبێتە شوێنی ململانێی نێوان "ڕەسەنایەتی شێوەزار"و"پێویستی ستانداردبوون" (Laks&Saiegh-Haddad، ٢٠٢٢: ٧)

٢. لە پەروەردەدا:

قوتابخانە گەورەترین و کاریگەرترین کارگەی بەستانداردکردنی زمانە. لە سیستەمی پەروەردەدا، تەنها زمانی ستاندارد وەک زمانی "ڕاست" و "پەسەندکراو" سەیر دەکرێت. (فەقێ ئەمین،٢٠١٥: ١٢٩). پێویستە لە قۆناغەکانی خوێندندا بە زمانێکی یەکگرتووی باڵا درێژە بە خوێندن بدرێت، نەک بە زمانی ناوچەیی کە لە ژینگەی خێزان و دەوروبەرەوە فێرکراوین. دواتر لەوێوە بەرەو ئاستەکانی تری کۆمەڵگا دەگوازرێتەوە.(حسێن حەمەد، طاهر،٢٠١٣: ٨) بەکارهێنانی زمانی ستاندارد لە پەروەردەدا، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بەهێز دەکات و ڕێگری لە پاشاگەردانی زمانی دەکات. یارمەتی قوتابییان دەدات لە پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی خوێندنەوە و نووسین، هەروەها کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بیرکردنەوە و پەیوەندیگرتن و تێگەیشتن دەبێت، کە لە کۆتاییدا جۆریتیی پەروەردە بەرز دەکاتەوە.(حسین، فەقێ ئەمین، ٢٠١٩: ٢٣)، هەروەها:

- یەکگرتوویی لە نێوان نەوەی نوێی ناوچە جیاوازەکان دروستدەکات.
- دەبێتە هۆی یەکسانی لە دەرفەتی فێربووندا.
- لە هەمان کاتدا، ڕەنگە ببێتە هۆی پەراوێزخستنی ئەو قوتابیانەی کە بە شێوەزارێکی جیاواز لە ستاندارەکە قسە دەکەن.

٣. لە کارگێڕیدا:

لە دامودەزگا حکومییەکاندا، زمانی ستاندارد ئامرازی سەرەکییە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان. بەکارهێنانی زمانی ستاندارد لە کارگێڕیدا بۆ ئەم مەبەستانەیە:(عەبدوڵا،٢٠٢٣: ٧١)

-ڕوونی و وردی: بۆئەوەی یاسا و ڕێنماییەکان بە یەک شێوە لە هەموو وڵات بڵاوبکرێنەوە.

-فەرمیبوون: بەخشینی سیفەتی فەرمی بە بەڵگەنامە و نووسراوەکان.

-پەیوەندیی: ئاسانکاری بۆ پەیوەندی نێوان ناوەند و ناوچە جیاوازەکان.

٤. لە ڕاگەیاندندا:

ڕاگەیاندن (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و سۆشیاڵ میدیا) ڕۆڵی "نموونەی باڵا" دەگێڕێت بۆ زمانی ستاندارد. کاتێک بێژەرێکی هەواڵ یان نووسەرێکی ڕۆژنامە بە زمانی ستاندارد دەدوێت، ئەو زمانە لە لای وەرگر دەبێتە زمانە پەسەندکراوەکە.(سلێمان،٢٠٢٢: ٣٤-٣٥) میدیا یارمەتیدەرە بۆ:

- ئاشناکردنی گوێگر و بینەر بە زاراوە نوێیەکان.
- پاراستنی یەکگرتوویی زمان لە ئاستی نەتەوەییدا.
- کەمکردنەوەی مەودای نێوان شێوەزارەکان لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی شێوازێکی هاوبەشی ئاخاوتن.

ستراتیژی پاراستنی زمانی کوردی لە ڕووی زمانی ستانداردەوە (سیاسەتی جووت-ستانداردی و جووت-ڕێنووسی) لە دامودەزگا فەرمییەکان و ڕاگەیاندندا، هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر یەکپارچەیی زمانی کوردی و دەبێتە هۆی لێکدوورکەوتنەوەی زارەکان و مەترسیی دابەشبوونی نەتەوەیی. بۆ پاراستنی ئاسایشی زمانی کوردی و ناسنامەی یەکگرتووی، پێویستە ستراتیژێک بۆ یەکخستنی ستانداردی زمانی و ڕێنووسی فەرمی لە هەموو کایەکاندا پەیڕەو بکرێت، بەتایبەت لە ڕاگەیاندنە بینراوەکاندا.(عەبدوڵا خۆشناو،٢٠١٣: ٣٥٧)

شەشهەم/ ئاست و جۆریتیی تۆمارکردنی زمان:

یەکێک لە ستراتیژەکانی پاراستنی زمان کە یونسکۆ ئاماژەیپێداوە، ئاست و جۆریتیی تۆمارکردنی زمانە، ئەو زمانانەی کە ئەگەری مانەوەیان نەماوە و ناتوانرێت بپارێزرێن یان زیندوو بکرێنەوە ، پێویستە بە وردی بەڵگاندن و بەڵگەسازیان بۆ بکرێن، چونکە هەر زمانێک کۆگایەکی بێهاوتای زانیاریی کلتووریی و



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

ژینگەیی لە ناو خۆیدا حەشارداوە.(UNESCO، ٢٠٠٣: ٦) هەر بۆیە ئەم ستراتیژە جەخت لەسەر گرنگی تۆمارکردنی ئەکادیمی و زانستیی زمان دەکاتەوە لە ڕێگەی دروستکردنی گەنجینەی دەوڵەمەندی زمانی و ئەرشیفی دیجیتاڵی (دەنگ و ڤیدیۆ)ی جۆرێتیی بەرز. بەپێی پێوەرەکانی یونسکۆ و دەسپێشخەرییە نێودەوڵەتییەکانی وەک بەرنامەی ( ELDP (Endangered Languages Documentati Programme[1] و پلاتفۆرمی Amara[2]، دۆکیومێنتکردنی وردی چیرۆکەکان و نەریتە زارەکییەکان و ئەدەبی زارەکی و ڕێزمانی زمانەکە، زامنی مانەوەی مەعریفی و کلتووری زمانەکە دەکات. ئەم تۆمارە زانستییانە وەک سەرچاوەیەکی زیندوو بۆ توێژینەوە و بوژاندنەوە دەمێننەوە، تەنانەت ئەگەر ئاخێوەرە ڕەسەنەکانی زمانەکەش نەمێنن، ڕێگە دەدەن کە زمانەکە لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و میدیای دیجیتاڵییەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوێزرێتەو(Amara.org, 2025) . بۆ پاراستنی ئاسایشی. زمانی کوردی ، پشتیوانیکردنی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی جۆرێتیی بەرز (کتێب، فیلم، دیجیتاڵی)پێویستە، زۆر گرنگە کە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کار لەسەر پەرەپێدانی ئەپڵیکەیشن و پلاتفۆرمە ئەلیکترۆنییەکان بە زمانی دایک بکەنەوە، بۆ زیندوو هێشتنەوەی زمانەکە لە سەردەمی دیجیتاڵدا و بەهێزکردنی ئاسایشی زمانی نەتەوەیی، تا ببێتە زمانی کار و مامەڵەی ڕۆژانە لە هەموو بوارەکاندا.

پشتگوێخستنی پێوەرەکانی یونسکۆ بۆ پاراستنی زمان، تەنها لاوازبوونی ئامرازێکی پەیوەندی نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی پچڕانی گواستنەوەی فەرهەنگ لە نێوان نەوەکاندا و لەدەستدانی ناسنامەی مێژوویی و هزریی کۆمەڵگە. ئەم دۆخە زمانەکە لە بوارە گرنگەکانی وەک پەروەردە و تەکنەلۆژیا دوور دەخاتەوە، هەستی شانازیی نەتەوەیی کەم دەکاتەوە و تاکەکان بەرەو نامۆبوون بە کلتووری خۆیان دەبات، کە لە کۆتاییدا مەترسیی توانەوە و لەناوچوونی تەواوەتیی زمان و ناسنامەی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش واتە نەمانی نەتەوەکە.

ئەنجام:

١. ئاسایشسازیی زمانی پرۆسەیەکی گوتاری"کۆمەڵایەتیی_سیاسی"یە، نەک دیاردەیەکی ئاسایشی دیاریکراو، ئاسایشی زمانی بوونی ئۆقرەیی و ئارامی و بێوەیی و سەقامگیریی و هێمنایەتی زمانە و پارێزراوییەتی لە مەترسی بوونی هەڕەشە لە کەمبەهایی ڕوانین و داخوران و لەناوچوونی.

٢. جۆرەکانی ئاسایشازیی بریتین لە: ئاسایشی تاک، زمان، نەتەوە، گشتی، کۆمەڵایەتی، خۆراک و ئابووریی.

٣. ستراتیژییەکانی ئاسایشی زمانی لەمانەدا بەرجەستەدەبێت:

---

[1]- بەرنامەی ELDP (Endangered Languages Documentation Programme): بەرنامەیەکی نێودەوڵەتییە و بنکەکەی لە ئەڵمانیایە، تا ئێستا زیاتر لە ٥٠٠ پڕۆژەی دۆکیومێنتکردنی زمانی لە هەموو کیشوەرەکانی جیهاندا (تەمویل) کردووە. (ELAR) ئەرشیفەکەی بە شێوەیەکی ئۆنلاین و بێبەرامبەر بۆ هەموو توێژەران و ئاخێوەرانی زمان لە سەرانسەری جیهان بەردەستە.
https://www.bbaw.de/en/forschung/endangered-languages-documentation-programme-eldp

[2]- پلاتفۆرمی Amara: پلاتفۆرمێکی جیهانییە کە ڕێگە بە هەزاران خۆبەخش و وەرگێڕ لە هەموو وڵاتان دەدات کار لەسەر ژێرنووس و وەرگێڕانی ڤیدیۆکان بکەن بۆ زمانە کەمینەکان. بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە گەورە نێودەوڵەتییەکانی وەک یونسکۆ (UNESCO) و تێد (TED) هەیە بۆ پاراستنی فرەچەشنیی زمانەوانی لە ئاستی جیهاندا.
٢٢/٠٤/٢٠٢٥https://blog.amara.org/how-to-preserve-the-voices-of-the-world-key-initiatives-for-endangered-and-minority-languages/

ا. ستراتیژیی ئاسایشی دیموگرافی. ب.بوارەکانی بەکارهێنان. پ. ستانداردبوونی زمان. ت. سیاسەت و بە فەرمیکردنی زمان. ج. هەڵوێستی کۆمەڵگە بەرامبەر بە زمانەکەی. ح. ئاست و جۆرێتیی تۆماری زمان.

پێشنیاز و ڕاسپاردەکان:

-دیاریکردنی زمانی ستاندارد و یەکگرتنی ڕێنووسی فەرمی لە هەموو بوارە فەرمییەکاندا.

-بەهێزکردنی زمانی کوردی لە قۆناغی باخچەی ساوایان و خوێندنی بنەڕەتی.

-پەرەپێدانی ناوەڕۆکی دیجیتاڵی و ئەپڵیکەیشن بە زمانی کوردی.

-دامەزراندنی لیژنەیەکی پیشەیی وکارا لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ چاودێریی و جێبەجێکردنی یاسای زمان.

هەروەها بەهێزکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی ئاخێوەران زمانی دایکیان بە ناسنامە و ئەمانەتێک ببینن، نەک بەربەستێکی ئابووریی و دەرفەتی کاروبژێوی.





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان


- ئەمین، هاشم (٢٠١٧). زمانی فەرمی پێگەی زمانی کوردی لەنێو زمانە جیهانییەکاندا .*گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی*، بەرگی ٣، ژمارە ٢.
- ئەمین، محەمەد (٢٠١٦). *ئاسایشی خۆراک و ڕەهەندەکانی* .سپی میدیا.
- بەڕێوەبەرایەتی فەرهەنگی خاڵ )٢٠٠٥ .(*فەرهەنگی خاڵ* .سلێمانی.
- پەرلەمانی کوردستان )٢٠١٤ .(*یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤: یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان . عێراق* .هەولێر.
- ڕەسول, سوداد. (٢٠٢٣) 'سیاسەت وپلانی زمانی بۆ هەرێمی کوردستان', ئەکادیمیای کوردی
- جامباز، تاریق )٢٠١٤ .(*بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمانی* .هەولێر.
- عمر، تەلار صباح ، صابر، شادان شکر، (٢٠١٧)، ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر فەرهەنگی زمان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ.
- حەمەد، شیروان حسێن )٢٠١٤ .(*توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سنتاکسدا* .(تێزی دکتۆرا)، زانکۆی کۆیە.
- سلێمان, ئازاد عەزیز(٢٠١٤) ململانێی زمان (زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەنمونە). زانکۆی سەلاحەدین, هەولێر, کۆلێژی پەروەردە.
- ئەمین, هەوارعمر فقی (٢٠١٥) بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لەپرۆگرامی خوێندندا. ماستەر, زانکۆی سلێمانی.
- حەمەد، شیروان حسێن و تاهیر، شەهاب طیب (٢٠١٣). زمانی پرۆگرامەکانی خوێندن و ستاندارکردنی زمان .*گۆڤاری زانکۆی کەرکوک*، بەرگی ٨، ژمارە ٢.
- حسێن، شیلان عومەر (٢٠١٦). داخورانی زمانی دایک، بنەما و پەسنکردنی .*گۆڤاری زانکۆی سلێمانی*، ژمارە ٥٠، بەشی B.
- حسێن، شیلان عومەر و فەقێ ئەمین، هەوار عومەر (٢٠١٩). بنەماکانی زمانی پەروەردەیی . *گۆڤاری زانکۆی جیهان-سلێمانی*، بەرگی ٣، ژمارە ١.
- حسێن, شیلان. عمر. (٢٠٢١) 'خوێندنی زمانی دایک و بنیاتنانی کەسێتی', گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی ٨،ژ١
- خۆشناو,نەریمان عمر. (٢٠١٣) زمانی ستنداردی کوردی. چاپی یەکەم. هەولێر.
- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا )٢٠١٣ .(*زمانی ستنداردی کوردی* .چاپی یەکەم، هەولێر.




مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

- عەبدوڵا، سەعید محەمەد (٢٠٢٣). فاکتەری ئەدەبی لە بەستانداردبوونی دیالێکت لە زمانی کوردیدا .*گۆڤاری زمانەوانی*، ژمارە ١.

- مستەفا، مستەفا ڕەزا (٢٠٢٣). ئاڵەنگارییەکانی بەردەم زمانی کوردی .*گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین*، بەرگی ١٠، ژمارە ١.

دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان
- القرآن الكريم، سورة الأنعام، الآية ٨٢.

- ثجيل، عادل عبد الحمزة (٢٠١٦). الأمن القومي والأمن الإنساني دراسة في المفاهيم .*مجلة العلوم السياسية*.

- الطاهات، عثمان خالد محمد (٢٠٢٠). تعزيز الأمن الفكري عند الشباب .*مجلة الدراسات العربية*، المجلد ٤١، العدد ٥.

- العزيز، أكرم محمد محمد )٢٠٢٣. (*الأمن اللغوي للغة العربية* .الطبعة الأولى.

- اليونسكو )٢٠٢٣. (*اليونسكو تحتفي بقدرة اللغات الأم على بناء السلام والاستدامة* .متاح على موقع اليونسكو الرسمي.

سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان

Books & Research Papers:
- Crystal, D. (2003). *Language Death*. Cambridge University Press.

- Dołowy-Rybińska, N., & Hornsby, M. (2021). *Attitudes and Ideologies in Language Revitalisation*. Cambridge University Press.

- Hlavac, J. (2002) 'Review of Joshua Fishman (Ed.) 2001 'Can threatened languages be saved? Reversing language shift, revisited: a 21st century perspective'', Australian Journal of Linguistics.
- Seedath, K. (2025) The Sacred Languages; The Extinct Languages. Edited by: Elin S. Available at: https://www.steme.org/post/extinct-languages (Accessed: April 5, 2026 ).
- (Brenzinger, M., Dwyer, A. M., de Graaf, T., Grinevald, C., Krauss, M., Miyaoka, O., Ostler, N., Sakiyama, O., Villalón, M. E., Yamamoto, A. Y. and Zepeda, O.) (2003) UNESCO Ad Hoc Expert Group on Endangered Languages ،*Language vitality and endangerment*. Document submitted to the International Expert Meeting on UNESCO Programme Safeguarding of Endangered Languages, Paris

- Liddicoat, A. J. (2017). *National security in language-in-education policy*.
- McLeod, W. (2005). *Gaelic in Edinburgh: Usage and Attitudes*. University of Edinburgh.
- Saiegh-Haddad, E., & Laks, L. (2022). *Handbook of Literacy in Diglossia and in Dialectal Contexts*.
- Spolsky, B. (2009). *Language Management*. Cambridge University Press.
- Stępka, M. (2018). *The Copenhagen School and Beyond: A Closer Look at Securitisation Theory*.

Websites & International Organizations:

- Amara.org (2025). *How to Preserve the Voices of the World: Key Initiatives for Endangered and Minority Languages*.
- BBAW (n.d.). *Endangered Languages Documentation Programme (ELDP)*. Berlin-Brandenburgische Akademie der Wissenschaften.
- Fiveable (n.d.). *Intergenerational Language Transmission – Introduction to Linguistics*. [1] -https://fiveable.me/key-terms/introduction-linguistics/joshua-fishman
- Reynolds, T. (2023). *A Domain-Centred Approach to Language Work*.
- StudySmarter (2024). *Language Standardization*. StudySmarter UK.
- UNESCO (2003). *Language Vitality and Endangerment*. Document submitted to the International Expert Meeting, Paris.
- Zaidi, A. (2013). Language Planning: An Overview. *Pakistaniaat: A Journal of Pakistan Studies*.
- Gandhi, Y. (2022) *Economic Security: Meaning, Importance and Types*. [Online] Analytics Steps. Available at: https://www.analyticssteps.com/blogs/economic-security-meaning-importance-and-types [Accessed: 30 March 2026].

- Khalid, N. (2024) ئاسایشی ئابوری هەرێم لە نێوان مفتەخۆری دەسەڵاتداران و بەرخۆری هاوڵاتیان(Economic Security of the Region between the Parasitism of Rulers and the Consumerism of Citizens). [Online] Xalk Digital. Available at: https://www.xalkurd.org/details.aspx?kodtech=433 [Accessed: 30 March 2026].

- Yuzue, N. and Sekiyama, T. (2025) *Defining economic security through literature review*. [Online] ResearchGate. Available at: [Insert DOI or ResearchGate link here if available].

چوارەم: فەرهەنگەکان

- فەرهەنگی برادۆست(Bradost.net). ماناى وشەى "ئاسايش".

- OpenEdition Books. Antonia Does (2013), *Language and Security*.

Sources:
First: Kurdish sources
•Amin, Hashim (2017). Official Language The position of Kurdish among the world's languages. Journal of the University of Human Development, Vol.3, No.2.
•Amin, Mohammed (2016). Food security and its dimensions. White Media.
•Khal Dictionary Directorate (2005). Dot Dictionary. Sulaimani.
•Kurdistan Parliament (2014). Law No. 6 of 2014: Law on Official Languages in the Kurdistan Region of Iraq. Erbil.
•Rasul, Sudad. (2023) 'Language Policy and Plan for the Kurdistan Region', Kurdish Academy
•Jambaz, Tariq (2014). The existence of a nation and language policy. Erbil.
•Omar, Talar Sabah, Saber, Shadan Shukr, (2017), Role and Impact of Media on Language Culture, Koya University Journal, Vol.
•Hamad, Shirwan Hussein (2014). The ability of bond morphemes to enrich the dictionary and perform syntactic functions. (PhD thesis), Koya University.
•Sulaiman, Azad Aziz (2014) Language conflict (Kurdish language in Kurdish areas outside the Kurdistan Regional Government, for example). Salahaddin University, Erbil, College of Education.
•Amin, Hawar Omar Faqi (2015) Principles of Educational Language in the Curriculum. Master, University of Sulaimani.

•Hamad, Shirwan Hussein and Tahir, Shahab Tayeb (2013). Language of curricula and language standardization. Journal of Kirkuk University, Volume 8, No.
•Hussein, Shilan Omar (2016). Mother tongue occlusion, principles and praise. Journal of Sulaimani University, No. 50, Part B.
•Hussein, Shilan Omar and Faqe Amin, Hawar Omar (2019). Fundamentals of Educational Language. Journal of World University-Sulaimani, Volume 3, No.
•Hussein, Shilan. Omar. (2021) 'Mother tongue learning and personality building', Garmian University Journal, Volume 8, No
•Khoshnaw, Nariman Omar. (2013) Kurdish Standard Language. First Edition. Erbil.
•Khoshnaw, Nariman Abdullah (2013). Kurdish Standard Language. First edition, Erbil.
•Abdullah, Saeed Mohammed (2023). Literary factors in dialect standardization in Kurdish. Journal of Linguistics, no.
•Mustafa, Mustafa Reza (2023). Challenges facing the Kurdish language. Journal of Raperin University, Volume 10, No.

Second, the Arabic sources

•Al-Qur'an, Surah Al-An'am, verse
•Thajil, Adel Abdul Hamza (2016). National security and human security is a study in concepts. Journal of Political Science.
•Al-Tahat, Othman Khalid Mohammed (2020). Promoting intellectual security among the youth. Journal of Arabic Studies, Volume 41, Number
•Al-Aziz, Akram Mohammed Mohammed (2023). Linguistic Security for the Arabic Language .
•UNESCO (2023). UNESCO is committed to building peace and sustainability. Available on the official UNESCO website.

Third, English sources

Books & Research Papers:

- Crystal, D. (2003). *Language Death*. Cambridge University Press.
- Dołowy-Rybińska, N., & Hornsby, M. (2021). *Attitudes and Ideologies in Language Revitalisation*. Cambridge University Press.
- Hlavac, J. (2002) 'Review of Joshua Fishman (Ed.) 2001 'Can threatened languages be saved? Reversing language shift, revisited: a 21st century perspective'', Australian Journal of Linguistics.
- Seedath, K. (2025) The Sacred Languages; The Extinct Languages. Edited by: Elin S. Available at: https://www.steme.org/post/extinct-languages (Accessed: April 5, 2026 ).

- (Brenzinger, M., Dwyer, A. M., de Graaf, T., Grinevald, C., Krauss, M., Miyaoka, O., Ostler, N., Sakiyama, O., Villalón, M. E., Yamamoto, A. Y. and Zepeda, O.) (2003) UNESCO Ad Hoc Expert Group on Endangered Languages ،*Language vitality and endangerment*. Document submitted to the International Expert Meeting on UNESCO Programme Safeguarding of Endangered Languages, Paris
- Liddicoat, A. J. (2017). *National security in language-in-education policy*.
- McLeod, W. (2005). *Gaelic in Edinburgh: Usage and Attitudes*. University of Edinburgh.
- Saiegh-Haddad, E., & Laks, L. (2022). *Handbook of Literacy in Diglossia and in Dialectal Contexts*.
- Spolsky, B. (2009). *Language Management*. Cambridge University Press.
- Stępka, M. (2018). *The Copenhagen School and Beyond: A Closer Look at Securitisation Theory*.

Websites & International Organizations:

- Amara.org (2025). *How to Preserve the Voices of the World: Key Initiatives for Endangered and Minority Languages*.
- BBAW (n.d.). *Endangered Languages Documentation Programme (ELDP)*. Berlin-Brandenburgische Akademie der Wissenschaften.
- Fiveable (n.d.). *Intergenerational Language Transmission – Introduction to Linguistics*. [1] -https://fiveable.me/key-terms/introduction-linguistics/joshua-fishman
- Reynolds, T. (2023). *A Domain-Centred Approach to Language Work*.
- StudySmarter (2024). *Language Standardization*. StudySmarter UK.
- UNESCO (2003). *Language Vitality and Endangerment*. Document submitted to the International Expert Meeting, Paris.
- Zaidi, A. (2013). Language Planning: An Overview. *Pakistaniaat: A Journal of Pakistan Studies*.

- Gandhi, Y. (2022) *Economic Security: Meaning, Importance and Types*. [Online] Analytics Steps. Available at: https://www.analyticssteps.com/blogs/economic-security-meaning-importance-and-types [Accessed: 30 March 2026].

- Khalid, N. (2024) (Economic Security of the Region between the Parasitism of Rulers and the Consumerism of Citizens). [Online] Xalk Digital. Available at: https://www.xalkurd.org/details.aspx?kodtech=433 [Accessed: 30 March 2026].

- Yuzue, N. and Sekiyama, T. (2025) *Defining economic security through literature review*. [Online] ResearchGate. Available at: [Insert DOI or ResearchGate link here if available].